# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دیاردەی بەلادێبوون لەشاری ڕانیەوکاریگەری لەسەر ژینگە شارستانیەکەی

**بێستون احمد حسێن**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** bestoon.78@uor.edu.krd

## پوختە:

بەلادێبون یەکێکە لەبابەتەگرنگەکانی ئەمڕۆی بواری جوگرافیای شار،چونکە کێشەیەکە لەکێشەکانی شار هەروەها سەرچاوەی دروستبونی زۆرێک لەکێشەکانی تریشە لەشاردا .لەبەرئەوە پێویستە توێژەران بەوریایەوە بڕوانە ئەم بابەتە . لەم گۆشەنیگایەوە شاری ڕانیە ڕووبەڕووی گرفتی بەلادێبون بۆتەوە دروستبونی ئەم گرفتەش لەشارەکەدا دەگەڕێتەوە بۆچەندهۆکارێک وەک گەشەی دانیشتوان و کۆچی گوندنشینەکان ، فراوانبونی شارەکە.... هتد. .لەهەمانکاتدا بەلادێبون چەندین گیروگرفتی جۆراوجۆری لەشارەکەدا دروستکردوە وەک شێواندنی جوانی ڕووخساری شار،کێشەی دابین کردنی خزمەتگوزار یەکانی پەروەردە ،تەندروستی، ڕێگاوبان، ئاسایش، تاوان لەبەشەجیاجیاکانی ڕانیە. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کێشەیەکی ئێستای شارەکە دەخاتە ڕوو . ئامانج لەم توێژینەوە دیاریکردنی خاسیەتەکان و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەلادێبونە لەڕانیە ئەوەش بەئامانجی ئەوەی حکومەت گرنگی بەو کێشەیە بدات وبگەڕێن بەدوای چارەسەردا .لەم توێژینەوەیەدا هەریەک لەمیتۆدەکانی شیکاری وەسفی بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە بۆ پێکانی ئامانجەکانی ئەم پلانەی لەخۆگرتوە . پێکهاتوە لەسێ بەش: بەشی یەکەم تایبەتە بەچوارچێوەی تیۆری توێژینەوە : پێکهاتوە لەسێ باس باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە. باسی دووەم تایبەتە بە ناساندنی چەمک و زاراوەکان باسی سێیەم: تیشک دەخاتە سەرتایبەتمەندی وهۆکارەکانی بەلادێبون . بەشی دووەم : ڕۆشنایی دەخاتەسەر دابەشبوون وهۆکاروتایبەتمەندیەکانی بەلادێبون لەناوچەی لێکۆڵینەوە: ئەم بەشەش سێ باس لەخۆدەگرێت :باسی یەکەم: تەرخانکراوە بۆباسکردنی دابەشبوونی جوگرافی بەلادێ بوون لەشاری ڕانیە. باسی دووەم: بریتیە لە هۆکارەکانی بە لادێبوون لە شاری ڕانیە. باسی سێیەمیش : تایبەتە بە تایبەتمەندییەکانی بە لادێبوون لەشاری ڕانیە.بەشی سێیەم: تیشک دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی بەلادێبوون لەسەر ژینگەی شارەستانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وڕێگاکانی چارەسەرکردنی لە شاری ڕانیە ، پێکهاتوە لەسێ باس: باسی یەکەم: تایبەتە بە کاریگەریە نەرێنیەکانی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە ،باسی دووەم: تیشک کاریگەریە ئەرێنیەکانی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە ، هەرچی باسی سێەمە تەرخانکراوە بۆڕێگاکانی چارەسەرکردنی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە . بەلادێبون چەندین دەرئەنجامی خراپی لە ڕانیە بە دوای خۆی داهێناوە لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامەخراپانەش گرفتی گەیاندن ودابینکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانە، توێژینەوەکە گرنگترین ئەو پێشنیارانەی کە توێژینەوەکە کردویەتی خۆی لەدانانی ماستەرپلانێک بۆ شاری ڕانیە دەبینێتەوە ،چونکە ماستەرپلانی شارکۆی کێشەکانی شار چارەسەر دەکات.

**کلیلە وشەکان:** بەلادێبونی شار، شارنشینی، شار، گوند.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەكی:

لێكۆڵینەوەكان لەبواری جوگرافیای شار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشكەوتن وگەشەكردن بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش وای كردوە شارەكان ببنە جێگەی سەرنج وتێڕامانی زۆرێك لەپسپۆڕیە جیاوازەكان بەتایبەتی توێژەرانی بواری جوگرافیا. بەلادێبونیش یەكێكە لە بابەتە گرنگ و پڕبایەخەكانی بواری جوگرافیای شار هەروەها ڕووخسارێكە لەڕووخسارە هاوچەرخەكانی ئێستا كە ڕووبەڕووی شارەكانی وولاتانی تازە پێگەیشتو بۆتەوە ، هەرچەندە بەلادێبون لە شاری ڕانیە دیاردەیەكی كۆنە ،بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ وە بە شێوەیەكی بەرچاو زیادیكردوە ،چونكە لەو ماوەیەدا شاری ڕانیە لەگوند و شارو شارۆچكە كانی دەوروبەری ڕووبەڕووی كۆچی گوندنشینەكان بۆوە ،هاوكات لەگەڵ كۆچی گوندنشینە كانیش دیاردەی بەدیل كردنی شارەستانی لە شارەكەدا سەری هەڵدا ، لەم چوارچێوەیەدا شاری ڕانیە لە ژێركاریگەری كۆچی گوند نشینەكان و چەندین هۆكاری تر ڕووبەڕووی كێشەی بە لادێبوون بۆتەوە.

**گرنگی توێژینەوەكە:** گرنگی توێژینەوەكە لەم چەند خاڵەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١. بابەتێكی گرنگ لە بواری جوگرافیای شار تاوتوێ دەكات ئەویش كێشەیەكە لە كێشەكانی شار بریتیە لە بەلادێبونی شاری ڕانیە .

٢. لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەكەوێت تاچەند دیاردەی بەدیلكردنی شارەستانی و كۆچی گوندنشینەكان بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە كاریگەری كردۆتە سەر دروست بونی كێشەی بەلادێبون لە شارەكەدا .

٣. خستنە ڕوی ئەو دەرئەنجامە خراپانەی كە بەهۆی دیاردەی بەلادێبونەوە ڕووبەڕووی شاری ڕانیە بۆتەوە.

## گیروگرفتەكانی توێژینەوەكە:

لەماوەی نووسیندا، توێژینەوەكە ڕووبەڕووی ئەم گیروگرفتانەی لای خوارەوە بۆتەوە:

١- خراپی ڕەوشی ئابوری هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانی عێراق بەگشتی و فەرمانبەرانی حكومەت بەتایبەتی، ئەمەش بەهۆی گیرۆدەبوونی هەرێم بەقەیرانی دارایی،ئەم بارودۆخەش گیروگرفتی بۆ توێژینەوەكە دروست كردبو، چونكە لەكاتی سەردانی فەرمانگەكانی دەوڵەت بۆ بەدەست هێنانی داتا وزانیاریەكان دیاردەی مانگرتن وخۆپیشاندان وبایكۆت ودەوام نەكردن هەندێك جار تورەی فەرمانبەرانی حكومەت وای دەكرد زۆربەی ڕۆژەكان توێژەر كارەكانی بۆنەكرێت.

٢- هەست نەكردنی هەندێك فەرمانبەروبەڕێوەبەری فەرمانگەكانی حكومەت بەگرنگی ئەنجام دانی توێژینەوە.

٣- لەكاتی لێكۆڵینەوەی كێومالّی بەتایبەت لەكاتی وێنە گرتنی ئەو گەڕەكانەی گوند نشینەكانی تێدا نیشتەجێبون توێژەر توشی گیروگرفت دەبو، چونكە دانیشتوانی هەندێ شوێن و گەڕەك ڕێگەیان نەدەدا وێنەی كە لوپەل وئامرازە كشتوكاڵیەكانیان بگیرێت و پێیان ناخۆش بو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. دیاریکردنی ئەو گەڕەکانەی ڕانیە کە ڕووبەڕووی کێشەی بە لادێبون بونەتەوە، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی حکومەت لەدانانی نەخشەوپلان ڕێژی ڕانیەدا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە تاوە کو ئەو کێشەیە لە ئایندەدا دووبارە نە بێتەوە.

٢. خستنەڕووی ئەوەی تاچەند بەلادێبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆتە مایەی دروستکردنی گیروگرفت بۆ دانیشتوانی شارەکە لەلایەک و حکومەت ولایەنە پەیوەندی دارەکانی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە.

٣. تاچەند بە لادێبون بۆتە هۆکارێک بۆشێواندنی مۆرفۆلۆجی ڕانیە ودروستکردنی بەربەست لەبەردەم جوانسازی لە شارەکەدا .

٤. دیاریکردنی سەرجەم هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی بەلادێبوون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٥. خستنەڕووی شێوازو چۆنیەتی دابەشبونی دیاردەی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە ، بە ئامانجی دووبارە ڕێکخستنەوەو کۆنترۆڵکردنی گیروگرفتی بە لادێبون لە ڕانیە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی بەدەست هێنانی داتاوزانیاریەکان توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە سەرچاوەکانی ( کتێبخانە، دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەت، لێکۆڵینەوەی کێومالَی و چاوپێکەوتن)

## چوارچێوەی کاتی وشوێنی توێژینەوەکە:

چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە خۆی لە شاری ڕانیە دەبینێتەوە بە سنورە کارگێڕیەکەیەوە بەڵام چوارچێوە کاتی توێژینەوەکە پشت بە تازەترین داتای ساڵی ٢٠٢٠ بەستراوە لە گەڵ واقع حالی ئێستای .

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** هەڵبژاردنی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١- بەلادێبون بۆتە کێشەیەکی بەرچاو لەشارەکەدا هەروەها بۆ تەمایەی بێزارکردنی دانیشتوانی شارەکە وخولَقاندنی شێواندنی مۆرفۆلۆجی شارو بنەماکانی جوانی شاروشارەستانیەت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.
٢-ئارەزووی توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری جوگرافیای شار وپلاندانانی شار.
٣. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئایندەی شاری ڕانیە بەتایبەت لەکاتی دانانی ماستەر پلانی شارەکە ئەمەش بە ئامانجی ڕێگریکردن لە دووبارە بونەوەی ئەم کێشەیە لە ئایندەدا و هەوڵدان بۆ پاراستنی گوندەکانی دەوروبەری شاری ڕانیە لە لەناوچون یان ڕێکخستنیان لە ناو سنوری شارەکەدا پێش ئەوەی ببنە مایەی دروستببونی کێشە بۆشاری ڕانیە.
٥. لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ شاری ڕانیە بەردەوام ڕووبەڕووی کۆچی گوندنشینەکان بۆتەوە لە هەریەک لە قەزاکانی ( ڕانیە، پشدەر، دوکان)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پلانی توێژینەوەكە:

ئەم توێژینەوە بەمەبەستی پێكانی ئامانجەكانی پشتی بەم پلانەی خوارەوە بەستوە:

توێژینەوەكە پێكهاتوە لەسێ بەش: بەشی یەكەم تایبەتە بەچوارچێوەی تێوری توێژینەوە : پێكهاتوە لەسێ باس باسی یەكەم تەرخانكراوە بۆ ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوە. باسی دووەم تایبەتە بە ناساندنی چەمك و زاراوەكان باسی سێیەم: تیشك دەخاتە سەرتایبەتمەندی وهۆكارەكانی بەلادێبون . بەشی دووەم : ڕۆشنایی دەخاتەسەر دابەشبوون وهۆكاروتایبەتمەندیەكانی بەلادێببون لەناوچەی لێكۆڵینەوە: ئەم بەشەش سێ باس لەخۆدەگرێت :باسی یەكەم: تەرخانكراوە بۆباسكردنی دابەشبوونی جوگرافی بەلادێ بوون لەشاری ڕانیە. باسی دووەم: بریتیە لە هۆكارەكانی بە لادێبوون لە شاری ڕانیە. باسی سێیەمیش :تایبەتە بە تایبەتمەندییەكانی بە لادێبوون لەشاری ڕانیە. بەشی سێیەم: تیشك دەخاتە سەر كاریگەرییەكانی بەلادێبوون لەسەر ژینگەی شارەستانی ناوچەی لێكۆڵینەوە وڕێگاكانی چارەسەركردنی لە شاری ڕانیە ، پێكهاتوە لەسێ باس: باسی یەكەم: تایبەتە بە كاریگەریە نەرێنیەكانی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە ،باسی دووەم: تیشك كاریگەریە ئەرێنیەكانی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە ، هەرچی باسی سێیەمە تەرخانكراوە بۆڕێگاكانی چارەسەركردنی بەلادێبوون لە شاری ڕانیە

## میتۆدی توێژینەوەكە :

توێژینەوەی زانستی بەبێ پەیڕەوكردنی میتۆدێك یان چەند میتۆدێك زانستی ئەنجام نادرێت ، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەكە پشتی بەستووە بەهەریەك لەمیتۆدەكانی ،شیكاری و وەسفی لەگەڵ بەكارهێنانی بەرنامەی Gis ودروستكردنی نەخشەوخشتە بەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی وگرتنی وێنە ، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕوی جۆروقەبارەی كێشەكە و پێشاندانی شوێن و شێوازی دابەشبونی دیاردەكە و لێكەوتەكانی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە.

## بەشی یەكەم: چوارچێوەی تێوری توێژینەوە

### باسی یەكەم :ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوە


شاری ڕانیە دەكەوێتە باكوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستانی عێراق، بەگوێرەی پارێزگای سلێمانیش دەكەوێتە بەشی باكوری ڕۆژئاوای پارێزگاكە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) لەڕووی شوێنی فەلەكیەوە ناوچەی لێكۆڵینەوە دەكەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (٣٦:١٢:٣٠ – ٣٦:١٧:٥) باكوورو هێڵی درێژی (٤٤:٥٤:٣٠–٤٤:٥١:٥) ی ڕۆژهەڵات، هەروەها شاری ڕانیە سەنتەری كارگێڕی قەزای ڕانیەیە دەكەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزاكە ، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

لەڕووی كارگێڕیەوە ڕانیە وەک سەنتەری كارگێڕی قەزای ڕانیە لەساڵی ١٩٥٦ لە لیوای هەولێر پچڕێنرا وخرایە سەر لیوای سلێمانی ( غەفور، ٢٠٠٣، لا٥٨.) سەبارەت بەو یەكەكارگێڕیانەی دەوری شاری ڕانیە وناحیەی سەنتەریان داوە، بەسەرنج دان لەنەخشەی ژمارە (٢)، بۆمان دەردەكەوێت ناوچەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لێکۆڵینەوە بەچەند یەکەیەکی کارگێڕی دەورە دراوە ، لەباکوریەوە ناحیەی ســـەرکە پکانە ، لەباکوری ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ قەزای پشدەر هاوسنورە، هەروەها لەباشوریشەوە دەریاچەی دووکانە، لەگەڵ هەریەک لە ناحیەکانی چوارقورنە، حاجیاوا ، بێتواتە کە دەکەونە بەشی ڕۆژ ئاوایەوە. شوێنی جوگرافی شاری ڕانیە دەکەوێتە دەشتی ناوچە شاخاویەکانەوە (حسین ،١٩٧٧، لا١٠٥-١٠٦) . سەبارەت بە دووری ڕانیە لە سەنتەری پارێزگای ســلێمانی نزیکەی (١٤٦) کم دەبێت، هەروەها نزیکی ناوچەکە لەســنوری وولاتی ئێران بەدووری (٥٩)کم بووەتە هۆی بەســتنەوەی شــوێنی ئەم شــارە بەوولاتی ئێرانەوە.( بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشــی تەکنیکی٢٠٢٠) . شاری ڕانیە بەپێی دوایین نەخشەی بنەڕەتی ساڵی (٢٠٢٠) ڕووبەرەکەی (١٩.٢٤)کم (وەزارەتی شــارەوانی و گەشــتوگوزار، ٢٠٢٠) ، بەم شــێوەیە ڕێژەی زیاتر (٢ %) ڕووبەری قەزای ڕانیە پێک دەهێنێت کە (٨٨٤) کم٢یە،( ئەحمەد ، ٢٠٠٩، لا١٦) ســــەبارەت بە بەرزی پێگە جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی بەرزی یەکســـانی (٥٤٩–٧٢٤) م لەئاســـتی ڕووی دەریا. بة (بةكارهێنانی ئامێری Gps دیاری کراوة لةجۆری (Garmin rino 120.

## نەخشەی ژمارە (١)
## شوێنی شاری ڕانیە بە گوێرەی هەرێمی کوردستانی عێراق پارێزگای سلێمانی





سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی10.5 Arc Map Arc Gis. پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی،٢٠١٦.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## نەخشەی ژمارە (٢)

## شوێنی شاری ڕانیە بەگوێرەی قەزای ڕانیەو یەکەکارگێڕیەکانی دەوروبەری




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی Arc Map Arc Gis 10.5پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، نەخشەی قەزای ڕانیە، ساڵی، ٢٠١٦.

## باسی دووەم : ناساندنی چەمک و زاراوەکان:

### ١- شار:

هەندێ لە توێژەران بنچینەی وشەی شار بۆ ووشەی دین دەگێڕنەوە کە لە بنەڕەتدا ووشەیەکی سامییە . زۆر لە پسپۆڕان گرنگیان بە دیاریکردنی مانای شار داوە وەک جوگرافی ناسان و میژووناسان و ئابوری ناسان ...هتد (سعید ، ١٩٩٨، لا ٢٠٧) لەگەڵ ئەوەی شار دیاردەیەکە و بەیەکێک لە و ڕووخسارە گەورانە دادەنرێت کە ئادەمیزاد لە سەر زەوی بونیادی ناوە کەچی دەوڵەتان و توێژەران تاوەکو ئێستا ڕێک نەکەوتون لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو کە پڕ بە پێستی شار بێت ، بە پشت بەستن بە وەزارەتی پلاندانانی عێراقی شار بریتیە لە کۆبونەوەی چڕی دانیشتوانی نشینەکان کە بە کارو چالاکی ئابوری جۆربەجۆری ناکشتوکاڵی خەریکن و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵێکی ناچون یەکن ، لەپاڵ ئەم پێناسەشدا لەلایەن دەوڵەتەوە سیفەیەکی یاسایی کارگێڕی پێ دەدرێت . لە عێراق پێوەری کارگێڕی یەکێکە لەو پێوەرانەی بۆ جیاکردنەوەی شار لە گوندو پێناسەکردنی شار بەکار دەهێنرێت لەم گۆشەنیگایەوە ئاماژە بەوەکراوە هەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئاواییەک ئەنجومەنی شـــــارەوانی تێدا بێت بە شـــــار دادەنرێت ئەمەش یەکەی ناحیە و لەو گەورەتریش دەگرێتەوە ( سەلیم ، ٢٠٠٦ لا٥٤ –٥٥)

ئیبن خەلدون بەدەربڕینێکی سادە ووتویەتی شار شوێنی نیشتەجێ بوونە بەڕای ئەرستۆ شار ئەو شوێنەیە کە مرۆڤەکان کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدەن هەروەها ( Dickinson) دەڵێت شـــار بریتیە لە نشـــینگەیەک کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشـــتوانی تێدا نیشـــتەجێ بوون و ســـەرقاڵی چەندچالاکیەکی جۆراوجۆرن جگە لە چالاکی کشتوکاڵی وەک چالاکی بازرگانی ،پیشەسازی، خزمەتگوزاری ، کارگێڕی دەوڵەت. شار لە تێڕوانینی د.جمال حمدان چەند شـێوازێکی بۆ دیاری کردوە ، جێگیر بونی دانیشـتوان یان شـوێنی نیشـتەجێ بوونە یان بریتیە لە بونەوەرێکی زیندو کە بەردەوام لە گەشـــــەکردند دایە بەڵام بەم پێوانەیە گوندەکانیش شـــــوێنی نیشتەجێبوونن هەربۆیە پێنج پێناسەی بنەڕەتی بۆشار ئەنجام دەدا کە هەم وەک پێوەریش بۆ جیاکردنەوەی گوندەکان لەشار دەبینرێن (حمدان،١٩٧٧ لا ٥،٧،٨) لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین زۆر بەکورتی تیشک بخەینە سەر ئەو بنەمایانە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

**یەکەم**: بنەمای قەبارەی دانیشـــــتوان: ئاشـــــکرایە شـــــارەکان ناوەندێکن زۆرترین ژمارەی دانیشـــــتوانیان تێدایەکۆبۆتەوە بەراوورد بە گوندەکان هەروەها چڕی دانیشـــــتوانیان بەرزە ئەم پێوەرە یەکێکە لەو پێوەرە باوانەی دەتوانرێت بۆ جیاکردنەوەی نشـینگەی شـــار لە گوند بەکاربهێنریت(سـعید، ٢٠١٤ ص٤) هەرچەندە لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە بەڵام بە ئاسانیش دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت (حمدان ،١٩٧٧، ص٢٢)

**دووەم:** بنەمای کارگێڕی: شـــــارناوەندێکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕیەکان واتا ناوەندێکە قازی تێیدا نیشـــــتەجێ دەبێت وکاروبارەکان بەڕێوەدەبات هەروەها ناوچەیەکە یەکە کارگێڕیە جۆراوجۆرەکانی تێدا کۆ بۆتەوە لە شـــێوەی وەزارەتەکان و پەرلەمان و دەســـەڵاتی دادوەری .....هتد بە پێچەوانەوە ئەمانە لە گوندا نابینرێت ( الهیتی ، ١٩٨٥،ص ٢٥.) لەوولاتی عێراق یاسـای کارگێڕی شـارەوانیەکان هەیە بە ژمارە ١٦٥ لەسـاڵی ١٩٦٤ دانراوە ئاماژە بەوە دەکات لەعێراق هەموو ســەنتەرە کارگێڕیەکان بە شــار هەژمار دەکرێن ئەمەش بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەمو ســـەنتەرە کارگێڕیەکان وەک ناحیەو و قەزا و پاریزگا شـــارەوانیان هەیە ( الشواورة ،٢٠٠٢،ص ٦٠) ( بومدین، ٢٠٠٩، ص ٧٩. )

**سێیەم** : بنەمای پیشـە: پیشـە بریتیە لە دیاریکردنی سـنوری هەرێمی پیشـەیی شـار وەک هەرێمی وەزیفەی پیشـــەســـازی، بازرگانی ،کارگێڕی ....هتد(سـعید،٢٠١٤ ،ص٥) پێوویسـتـە ئاماژە بەوەبکەین شـــار ناوەندێکە بۆ کۆبونەوەو بەیەک گەیشـــتنی پیشـــە جۆراوجۆرەکان، بەجۆرێک دانیشـــتوانی شـــار ســـەرقاڵی پیادەکردنی پیشـەکانی( بازرگانی ، پیشـەسـازی، کارگێڕی، گواسـتنەوە ،خزمەتگوزارین) ئەمەش وای کردوە شـارەکان بە پیشـــەیەک یان زیاتر لە پیشـــەیەک ناو ببرێن وەک شـــاری پیشـــەســـازی، بازرگانی، ئاینی هتد... بەپێچەوانەوە دانیشـتوانی گوند خەریکی کاری کشـتوکاڵی و ئاژەڵدارین جیاواز لە پیشـەی شـار (خطاب، ١٩٩٠،ص ١١-١٢) ، (عطوی، ٢٠٠١،ص١٦)

**چوارەم**: بنەمای مۆرفۆلۆجی: شـار لوتکەی پێشـکەوتنە هەروەها جیادەکرێتەوە لە گوند بەڕووخسـاری گشـتی دەرەوەی کە مەبەستمان هەموو ئەودیاردانەیە کە دەتوانین لەشاردا بەچاو بیان بینین( المضفر ،٢٠١٠،ص ١٥-١٦ ) ، الاشـعب ،١٩٨٣، ص ٣-٥ ) لەڕاسـتیدا بنەمای مۆرفۆلۆجی شـاریەکێکە لە بنەماکانی تری جیاکردنەوەی گوند لەشـــار، چونکە هەردووکیان لە ڕووی مۆرفۆلۆجیەوە جیاوازن ،بەجۆرێک شـــارەکان ناســـراون بە فراوانی ڕووبەرەکەیان و بەرزی بیناکانیان و بەکارهێنانی کەرەســتەو ڕەنگی جیاواز و بوونی شــەقام وکۆڵانی پان و بەرین ( بومدین، ٢٠٠٩، لا ٧٩. ) لەکاتێدا گوندەکان ڕووبەریـان بچوکە و خـانوو بینـاکـانیـان نزم و بچوکن



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وپێکەوە نوساون کۆڵانەکانیان تەنگەبەرو پێچاوپێچ داخراون وبێ پلان دانراون، کەرەستەی خانوی گوندەکان بریتین لە کەرەستەی دارو بەرد وقوڕ کەرەستەی ناوچەکە. ( ابراهیم ، ٢٠٠٨ ٤٠-٤١)

**پێنجەم** :بنەمای کۆمەڵایەتی : پسپۆڕانی بواری زانستی کۆمەڵناسی وای دەبینن شار ناوەندێکە داب ونەریت وشێوازەکانی ژیانی شارنشینی و شارەستانی تێدا کۆدەبێتەوە، لە شارەکاندا دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازەکانی ژیان شارەکان جیاوازە لەداب ونەریتی گوندەکان ، بەجۆرێک پەیوەندی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی لەنێوان خێزان وبنەماڵەکاندا و پابەندبون بەکەلتورو هاوکاریکردنی یەکتری لە شارەکاندا تاڕادەیەک لاوازە، بەپێچەوانەوە گوندنشینەکان زیاتر پابەندی دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان وبۆنە ئاینیەکانن .(الهیتی ، ١٩٨٥ ص٢٦,) (حسن ١٩٩٠ ص.١٢ ) .

٢- **بەلادێبونی شار:** بەلادێبونی شار بریتیە لە باڵادەستی ڕووخسارەکانی ژیانی لادێ لە کۆمەڵگەی شارنشینی دا و تێکەڵاوبونی بەهاوداب ونەریتەکانی ژینگەی شارولادێیە بەڵام قورسە ئەم دووژینگەیە تێکەڵاوبن ، چونکە گوندنشینە کۆچکردوەکان هەوڵی پاراستن وپیادەکردنی دابونەریتەکانیان دەدەن لەشاردا ( بعیرات ,٢٠١٨، لا١٤-١٥) بەلادێبونی شار بریتیە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەئەنجامی کۆچی گوندنشینەکانەوە لەشاردا دروست دەبێت بەتایبەت لەو کاتەی گوندنشینەکان هەوڵی پیادەکردنی چالاکیەکانی لادێ دەدەن لە شاردا هەروەها گوندنشینەکان لەوناوچانەو خانوانەدا نیشتەجێ دەبن کە کەمترین مەرجی تەندروستی و ژیانیان تێدایە ئەم ناوچاونەش بە دواکەوتوترین بەشی شار دادەنرێن لە ڕووی (پیشە، جل وبەرگ ، هەڵسوکەوت ،زمان، جولانەوەی ڕۆژانەیان ، دابونەریتیان )جیاوازن لە بەشەکانی تری شار(محمد، ٢٠٠٣، لا ٥٧-٨٠ ). نوسەری ئەڵمانی (ماکس فیبر ) ئاماژە بەوە دەکات بەلادێبوونی شاربریتیە لە سەرهەڵدانی ژیانی لادێ لە شاردا پێیوایە ئەم دیاردەیە لە شاردا گەشەدەکات بە زیادبونی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان هەر لەم چوارچێوەیەدا ( ابو لغد) دەڵێت بە لادێبونی شاربریتیە لە کۆچی گوندنشینەکان بۆشارەکان بەئامانجی بە دەستهێنان وگەیشتن بە خزمەتگوزاری باشتری تەندروستی و پەروەردە و...هتد. لەناساندنێکی تردا بەلادێبوونی شار کێشەیەکە لەو کێشانەی لەژێرکاریگەری کۆچی گوندنشینەکان وبێ پلانی حکومەتە ڕووبەڕووی شارەکان دەبێتەوە( بعیرات ,٢٠١٨، لا١٤-١٥). لێرەوە دەکرێت بڵێین بەلادێبونی شار پێناسەی جیاوازی بۆکراوە ، بەڵام بەگشتی پێیان وایە بەلادێبونی شار کێشەیەکە لەژێرکاریگەری کۆچی گوند نشینەکان ڕووبەڕووی شارەکان بۆتەوە .

### ٣- شارنشینی:

لەبنەڕەت دا لە ووشەی (حضر) urban وەرگیراوە ئەم زاراوەیەش هەریەک لە گوندو شار دەگرێتەوە ، چونکە خەڵکی گوندیش هەروەک خەڵکی شارەکان نیشتەجێن، بگرە دانیشتوانی گوند لە خەڵکی شار زیاتر پابەندی خاکن، چونکە کۆڵەکەی سەرەکی ژیانیانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ووشەی(حضر) تەنها بۆ شار بەکاردێت ( محمد،١٩٩٩،لا١٨) .شارنشینی لە تێڕوانینی عبد المنعم انور بریتیە لە جێگۆرکێی خەڵک لە لادێکانەوە بۆ شارەکان بەمەبەستی مانەوەوجێگیربونی هەمیشەیی و کارکردن لە کاری ناکشتوکاڵی( عطال ,٢٠٠٩لا ١٠). شارنشینی بریتیە لەپرۆسەی گەشەکردنی شاربەجۆرێک کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕانی بەهاوهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کۆمەڵگەکان کە دواجار ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕانی چالاکیە ئابوری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی دانیشتوان( علی ، ٢٠٠٦،لا٦٦) .هەمیشەیی توێژەران لەبارەی چەمکی شارنشینی

یەوە هاوڕانین شارەزایانی دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، شارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن بریتیە لە کرداری گواستنەوەی ژیانی لادێ بۆ شار ئەو گواستنەوەیەش بە هۆی کۆچکردنەوە دەبێت بەتاک یان بە کۆمەڵ لە پێناسەیەکی تردا شارنشینی بریتیە لە واتای کرداری داینامیکی واتا پێکدێت لە زنجیرە یەک گۆڕانکاری پیشەیی و پەیوەست وکارلێکی تاک لەگەڵ ڕەگەزی ژینگە بەبەکارهێنانی ئامرازو شێوازی شارەستانی و کرداری گواستنەوەی کۆمەڵایەتی لەباری لادێوە بۆ باری شارەستانی واتا گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتیە. لە پێناسەیەکی تردا شارنشینی کرداری گۆڕان و بەیەکەوە بەستنی ژیانی گوندو شارە ئەمەش کاردانەوەیە لەسەرگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری شارنشینی بریتیە لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو شارو گواستنەوە بۆ شار و بادانەوە لە پیشەی کشتوکاڵی بۆ پیشەی ترهەروەها شارنشینی بەواتای ئەو خەڵکانە دێت کە لە سەنتەری شارەکاندا نیشتەجێن و لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازن لە خەڵکی لادێکان وەک ئابوری،کۆمەڵایەتی،ڕۆشنبیری( (گەردی, ٢٠١٦ , لا ١٣٩)(مصطفى ,٢٠١٦, لا ١٣٩).

٤- **گوند:** گوند کۆنترین مەڵبەندی نیشتەجێبون بوە کە مرۆڤی ناچار کردوە جێگیر بێت و واز لە ژیانی جێگۆڕکێ بهێنێت. گوندسیماو ڕوخساری کۆبونەوەی دانیشتوانە لە شوێنێکدا کەبەکاری کشتوکاڵی وئاژەڵداریەوە خەریکن ( الهیتی١٩٨٩، لا ١٣-١٤) ، (محمد، ١٩٨٩ لا ١٣-١٤) . سەبارەت بە چەمکی گوند تێڕوانینی جیاواز هەیە گوند بریتیە لە گردبوونەوەیەکی مرۆیی لە شوێنێکی دیاریکراو کە سود وەردەگرن لە زەوی و زەویەکەش بەرهەم هێنانی کۆڵەکەی ژیانی ئابوریان پێکدەهێنێ و بەپلەی سەرەکیش پیشەیان کشتوکاڵ کردنە (ئەحمەد٢٠١٢ لا ٤١) . لە ناساندنێکی تردا گوند ئەو ئاوەدانیەیە کە پێناسەی ڕسمی شار نایگرێتەوە واتە ئەوئاوەدانیەیە نەسەنتەری یەکەکارگێڕیەکانی وەک قەزا، ناحیە، پارێزگایان هەیە و نەژمارەی دانیشتوانیشیان دەگاتە دە هەزار کەس (غفور،٢٠٠٨، لا ٢٤٣) . لە ناساندنێکی تردا گوند ئەوناوچەیە چڕی دانیشتوانی تێدا نزمە و لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە نشینەکانی کۆمەڵێکی هاوشێوەن کشتوکاڵیش بەچالاکی سەرەکی خەڵکەکەی دادەنرێت. سەلیم ، ٢٠٠٦ لا٥٥.

## باسی سێیەم : خاسیەتەکان وهۆکارەکانی بەلادێبونی شار

### یەکەم: خاسیەتەکانی بەلادێبوونی بوونی شار

بەلادێبونی شار بە چەندخاسیەتێک دەناسرێت لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا باسیان دەکەین.

١. پیادەکردنی چالاکیەکانی لادێ لەشاردا( أل مدرس , ٢٠١٨،ص ٢٨-٢٩)وەک دانانی ئامرازەکانی کشتوکاڵی لەبەردەم ماڵەکانیان وبەخێوکردنی ئاژەڵ وپەلەوەروفرێدانی پاشەڕۆی ئاژەڵەکانیان لەبەردەم یان نزیک لە ماڵەکانیان ئەمە وێڕای داچاندنی دەوروبەری ماڵەکانیان بەبەروبومی کشتوکاڵی وەک سەوزە .

**٢.** ئەو دانیشتوانانەی لەگوندەکانەوە کۆچیان کردوە بۆشار هەڵدەستن بە گواستنەوەی هەڵسوکەوتەکانی لادێ بۆ ناوشار و پیادەکردنیان لە شار وەک هاوارکردن وبانگ کردنی یەکتری بە دەنگی بەرزوهاتنە دەرەوەیان بە پێخاوسی هەروەها سەردانیکردنی دراوسێ لە کاتە ناوەختەکان و بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختی یەکتری( أحمد، ٢٠١٨ ص٧ ). ئەمانە لەگوند ئاسایە بەهۆی بەهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

٣. لاوازی هەست و سۆزی گوند نشینەکان بۆ شار ئەمەش بەهۆی ئەو بەر یەک کەوتنە نەشیاوانەی گوند نشینەکان ڕۆژانە لەگەڵ دانیشتوانی شار بۆیان دروست دەبێت .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٤. بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوانەجۆراجۆرەکان لەشاردا.( أل مدرس , ٢٠١٨,ص ٢٨-٢٩)(الجنابی , ٢٠٠٢،ص ١٢٩)

٥. زیادبونی خانوی نارێک وبێ سەروبەرە لەڕووی دیزاین ورەنگ وکەرەستەوە بەتایبەت لەناوچەکانی لێواری شاربەهۆی فراوانبونی شارەوەگوندەکانی خستۆتە ناو سنوری شار. ( العدیدی،٢٠١٣، ٢٧٧-٢٨١) .

٦. شارناتوانێت بەخێرایی ئەودانیشتوانەی لەگوندەکانەوەکۆچیان بۆکردوە بیان کاتە بەشێک لەخۆی وخاسیەتەکانی شاریان بەسەردابسەپێنێت.( الجنابی , ٢٠٠٢، ص ١٢٩-١٤٧.)

٧. لاوازی جێ بەجێ کردنی یاساکانی کارگێڕی .

٨. ڕووخساری ئابوری وەک بەخێوکردنی ئاژەڵ وپەلەوەر لەچواردەوری شار.

٩. ڕوخساری کۆمەلایەتی یەکێکی ترە لەخاسیەتەکانی بەلادێبون لە شارەکاندا ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە(ژنهێنان وشوکردنی پێش وەخت ، فرەژنی،کارکردن بە منداڵەکان لەسەر شەقام وناوبازاڕ، زیادبونی بێکاری،زیادبونی خەڵکانی نەشارەزا لەڕووی کارو پیشەوە،زیادبونی نەخوێندەواری)

١٠- جێگیربونی گوندنشینەکان لەلێواری شار،چونکە دەرفەتی زیاتریان بۆدەرەخسێت تا ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان بەخێوبکەن . ( العدیدی،٢٠١٣، ٢٧٧-٢٨١.).

١١. بڵاوبونەوەی کارو پیشەی نایاسایی و نارسمی وەک فرۆشیارە گەڕۆکەکان و دەست گێڕەکان، فرۆشیارانی سەر شەقام وشۆستەکان ئەمەش بەهۆی نەبونی شارەزایی گوند نشینە کۆچکردوەکان لە کارو پیشە پێشکەوتوەکان. (Jones, 2011,p20).

١٢. پاشەکشەی گەشەی ئابوری،کۆمەلایەتی ،پەروەردە، ڕۆشنبیری و بەریەک کەوتنی بیروبۆچونەکانی دانیشتوانی لادێ وشار( Yuan Qiu..٢٠٢٠، p 23-24).

١٣. هەژاری شارنشینی یەکێکی ترە لەو ڕووخسارە دیارانەی لەئەنجامی بەلادێبونەوە دروست دەبێت چونکە قورسە بتوانرێت خزمەتگوزاریە بنچینەکان بۆناوچە هەژارنشینەکانی شاردابین بکرێت. وەک ئاو، کارەبا، پەروەردە، تەندروستی....هتد هەروەها دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی ناشارەستانی( فروج، ٢٠١٥،لا ٨٤).

١٤. بالادەست بونی ڕووخسارەکانی لادێ لە هەندێ لەبەشەکانی شار.

١٥. بڵاوبونەوە وگەشەکردنی دەمارگیری هۆزوتیرەکان بەگرنگی دان بە پەیوەندی خوێنی وخزمایەتی و پیادەکردنی پاراستنی دابونەریتەکانیان و هەست وسۆزیان بۆ عەشائیری. ( بعیرات، ٢٠١٨،٣١-٣٢).

## دووەم: هۆکارەکانی بەلادێبوونی شار

بێگومان دیاردەی بە لادێبوونی شار بەبێ هۆکار نیە بەڵکو چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە کە بریتین لە مانەی لای خورەوە:

١. خێرایی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بەهۆی هۆی کۆچی گوند نشینەکان،

٣. فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان بەهۆی چەندین هۆکاری جیاواز وەک ( شوێنی جوگرافی ، سیاسی ، کارگێڕی ، دیمۆگرافی ، ئابووری ، کۆمەلایەتی ، مێژوویی.

٤. سەرهەڵدانی دیاردەی بەدیلکردنی شارەستانی ئەویش لەژێرکاریگەری خێرایی فراوانبونی ڕووبەری شارەکان دروست دەبێت کاتێک شارەکان فراوان دەبن ژمارەیەک لەو گوندانەی کە کەوتونەتە چوار دەوری شار دەکەونە ناوچوارچێوەی سنوری شارەوە ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆدروستبونی دیاردەی بە لادێبوونی شار. (سعید, ٢٠١٤ ص٩-، ١١ ).

٤.كۆچی گوند نشینەكان بەرەو شارەكان لەژێركاریگەری چەندین هۆكاری جیاواز و گردبونەوەیان لەدەوری یەكتری هۆكارێكی ترە لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی دیاردەی بە لادێبوونی شارەكان

٥. لاوازی حكومەت ولایەنەپەیوەندی دارەكان لەســـزادان و لێپرســـینەوەی لەوكەس و لایەنانەی خانوی نایاسای و شێواو دروست دەكەن كە دوورن لە پێوەرەكانی شارو شارەستانیەت.

٦. نە بوونی پلانی پێش وەخت لەلایەن حكومەت و لایەنە پەیوەندی دارەكان بۆ ڕێگری كردن لەسەر هەڵدانی بەلادێبونی شار . (بعیرات ، ٢٠١٨ ،ص ٣٠-٣٣)

لێرەوە دەكرێت بڵێن بەگشـــتی بەلادێبوون چەندین خاســـیەت وتایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە لە گرنگترینیان پیادەكردنی كارو چالاكیەكانی لادێیە لە شاردا هەروەها چەندین هۆكاری لە یەكتری جیاواز هەیە وەک كۆچی گوند نشینەكان بەرەو شارەكان.

## بەشی دووەم

## دابەشبوون وهۆكارو تایبەتمەندیەكانی بەلادێبون لەناوچەی لێكۆڵینەوە

### باسی یەكەم :دابەشبوونی جوگرافی بەلادێ بوون لەشاری ڕانیە

دابەشـــبونی جوگرافی یەكێكە لەوتایبەتمەندیە گرنگانەی كە جوگرافیای پێ دەناســـرێت لەم گۆشـــەنیگایەوە دیاردەی بەلادێبون لەشاری ڕانیە لەڕووی دابەشبوونەوە بەسەر بەشە جیاجیاكانی ڕانیەدا دابەشبوە.

بەمەبەستی خستنە ڕووی چۆنیەتی دابەشبونی جوگرافی ئەم دیاردەیەو شوێنی لە شارەكەدا بەسەرنج دان لە نەخشـەی ژمارە ( ٣ ) بۆمان دەردەكەوێت بەلادێبوونی شاری ڕانیە لە بەشی باكوری ناوچەی لێكۆڵینەوە دەكەوێتە گەڕەكەكانی( هەنجیرە، تیتۆكە، مەشخەڵان ، چیا، هەوار، بنار، ڕزگاری دوو) لەبەشی باشوری ڕانیە دەكەوێتە گەڕەكەكانی(دایک، ئەندازیاران،لەگەڵ چەند ناوچەیەكی بەتاڵایی شار ). لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەكە دەكەوێتە گەڕەكەكانی(ڕزگاری یەک ،ناوچەی بەتاڵایی ، پیشـــەســـازی یەک ، بەهار ) هەروەها لە بەشـــی ڕۆژئاوای شـــارەكە دەكەوێتە گەڕەكەكانی میدیا ، بوێران، ڕابوون، داســـتان ) لەبەشـــی ناوەندی شـــار و دەوروبەری ناوەندی شار كۆنترین گەڕەكەكانی شار لە خۆدەگرێت وزۆرێک لە دانیشتوانەكەی هەژارنشین وگوندنشینەكانن تائێستاش ئەم ناوچەیە یەكێكە لەو بەشانەی شار زۆرترین گوندنشین ڕووی تێدەكەن بە هۆی هەرزانی كرێی خانوەكان هەروەها ناوچەكەش ناوچەیەكی شـــەعبیە بۆیە دیاردەی بەلادێبون لەهەریەک لە گەڕەكەكانی( گڵنجان ، ڕەشـەمێرگ ، ســـەرا، قەڵاتی یەک و ئازادی دوو) دەبینرێت. ئەگەر ســـەرنج بدەینە نەخشـــەی ژمارە (٣) دەردەكەوێت دیاردەی بەلادیبوون بە زۆری بەشـــەكانی ( باكور ، ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا) ی شـــارەكەی گرتۆتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بەشـــی باكوری شـــاری ڕانیە چەند گوندێک كە لە دامێنی چیای كێوەڕەش هەڵكەوتون بە هۆی فراوانبوونی شـــــارەكەوە كەوتونەتە ناو ڕانیەوە. لەبەشـــــی ڕۆژئاوایەوە شـــاری ڕانیە هاوســـنورە لەگەڵ گوندەكانی ناحیەی ســـەركەپكان ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە زۆرترین گوندنشینەكانی سەركەپكان كۆچ بكەن بۆ شاری ڕانیە، بێگومان نزیكی شاری ڕانیە لە گوندوڕەزو باخچەی گوندنشـــینەكانی ســـەركەپكان لەلایەک و بە ئاســـانی هاتوچۆكردن لە نێوان ڕانیە و گوندەكانی ســـەركەپكان لەلایەكی ترەوە پاڵنەری ســـەرەكی كۆچی گوندنشـــینەكان بون بۆشـــاری ڕانیە. لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتیشـەوە ڕانیە هاوسنورە لە گەڵ هەریەک لە گوندەكانی ناحیەی سەنتەر و ناحیەی بنگرد لە قەزای دوكان و ناحیەی ســـەنگەســـەرلە قەزای پشـــدەر لەبەرئەوە لەگوندەكانی ئەم ناحیانەوە ڕانیە ڕووبەڕووی




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کۆچی بەردەوامی گوندنشـــینەکان بۆتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە ڕووی دابەشـــبونی جوگرافیەوە دیاردەی بەلادێبوونی شـار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەسـەر زۆرێک لە گەڕەکەکانی شـارەکەدا دابەشبوە ،بەڵام زیاتر دەکەوێتە بەشـەکانی لێواری شـار بەتایبەت بەشــەکانی( باکور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) هۆکاری ئەمەش وەک پێشـــتر ئاماژەمان پێدا دەگەڕێتەوە بۆنزیکی ئەم بەشـــانەی ڕانیە لە گوندەکان ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشـــەوە ناوچەکانی لێواری شـــار زیاتر ناوچەیەکی کراوەن هەروەها بەردەم ماڵەکانیان بەتاڵایین ئەمەش دەرفەتی زیاتر دەڕەخسـێنێ بۆگوندنشـینەکان تا هەسـتن بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرە کا نیان و دانانی ئامێرە کشـتوکاڵیەکان لەبەردەم ماڵەکانیان و ئەنجامدانی چالاکیەکانی گوند لە شـارەکەدا ئەمەش دیاردەیەکی ناشارەستانیە وناگونجێت لەگەڵ ژینگەی شاری ڕانیە .

**نەخشەی ژمارە( ٣ )**

**دابەشبوونی جوگرافی دیاردەی بەلادێ بوون لەشاری ڕانیە ٢٠٢٠**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5 پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، وەزارەتی شـــــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی شـارەوانیەکانی ڕاپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شـارەوانی ڕانیە، بەشـی نەخشـەسـازی، نەخشـەی بنەڕەتی شـاری ڕانیە،ساڵی ٢٠٢٠ ،بەپێوەری ١: ٤٠٠٠ .

٢. لێکۆڵینەوەی کێومالی بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو گەڕەکانەی دیاردەی بەلادێبوونیان تێدایە.

## باسی دووەم :هۆکارەکانی بەلادێبون لە شاری ڕانیە

لەڕاسـتیدا ئەمڕۆ دانیشـتوانی جیهان بە قۆناغێکی دیمۆگرافی جیاوازدا تێدەپەڕێت ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە خێرایی گەشـەی دانێشـتوان لە لایەک و دروستبوونی ڕەنگ دانەوەی ئاشکرای ئەم گەشـەکردنە لەسـەر چەندین گۆڕانکاری دیمۆگرافی و ئابووری و سـیاســی. (محمد،٢٠١٢ ، ص٣). لەم گۆشـەنیگایەوە لە ئێسـتادا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

یەکێک لە سیماکانی سەردەمی نوێ زۆربوون وگەشەکردنی دانیشتوانی شارەکانە بە قەبارەو شێوازی جیاواز کە گەشەکردنیان زادەی چەندین هۆکاری لەیەکتر جیاوازە. (محمد ، ٢٠٠٤، لا١٥١) گەشەی دانیشتونی شارەکان بە تایبەت لە وولاتانی تازە پێگەیشتوبۆتە هۆکاری دروستبونی چەندین کێشەی جۆراوجۆر( الدعبوسی ،٢٠٠٨، ص٥ ). کێشەی بەلادێبونی شارەکانیش یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی شارەکان بۆتەوە ئەگەر ئاماژە بەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی بەلادێبونی شار لەشاری ڕانیە بکەین، بێگومان چەندین هۆکاری لەیەکتر جیاواز هەیە بونەتە هۆکاری دروستبونی دیاردەی بەلادێبونی شار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

**١. گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە :**

یەکێک لەهۆکارە گرنگ و بەهێزەکانی دروستبونی دیاردەی بەلادێبون لە ڕانیە بریتیە لە گەشەی دانیشتوان،چونکە تێکڕای ئەو گۆڕانکاریانەی لەناو شارەکە ڕویانداوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە خێرایی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە وە هەیە،لەڕاستیدا گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە پەیوەندی بەچەند هۆکارێکی لەیەکتر جیاوازەوە هەیە لە گرنگترینیان زیادبونی سروشتی وکۆچی گوندنشینانە . بەسەرنج دان لە خشتەی ژمارە(١) بۆمان دەردەکەوێ شاری ڕانیە لەماوەی سالانی( ١٩٥٧- ٢٠٢٠ ) لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە زیادبوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە ، بەجۆرێک لەساڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە ٢٦٦١ کەس بو بە ڕێژەی ٣٧.٧% ی قەزای ڕانیە پێک هێناوە بەڵام ئەم ژمارەیە زیاد دەکات بۆ ٩١٥٤٧ کەس لە ساڵی ٢٠٢٠ بەڕێژەی. ١.٣٨ % ی قەزای ڕانیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خێرایی زیادبونی دانیشتوانی ڕانیە کەهۆکارێکە لە هۆکارەکانی بە لادێبون لە شاری ڕانیە.

## خشتەی ژمارە ( ١ )

## ڕێژەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لەکۆی قەزای ڕانیەو شارنشینی قەزا (١٩٥٧- ٢٠٢٠ ) ٪

| ساڵ | دانیشتوانی شاری ڕانیە | ڕێژەی شار لەکۆی قەزای ڕانیە |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢٦٦١ | ٧,٣٧ |
| ١٩٦٥ | ٣٥٤٨ | ٧,٥٥ |
| ١٩٧٧ | ٨٧٨٦ | ١٦,٤٦ |
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ | ٣٥,٩٤ |
| ٢٠٠٢ | ٦١٣٢٧ | ٣٧,٧٥ |
| ٢٠٠٩ | ٧٤٠٩٣ | ٣٨,٤٧ |
| ٢٠٢٠ | ٩١٥٤٧ | ٣٨,١٤ |

**سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢)**

سەبارەت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری ڕانیە لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٥٧-٢٠٢٠ بەسەرنج دان لەخشتەی ژمارە(٢) دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆڵینەوە گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە،بەجۆرێک تێکڕای گەشەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٥٧- ٢٠٢٠ زیاتر لە ٥% بوە بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٧٧- ١٩٨٧ ١٢ % بوە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە وەک :

١- خاپورکردنی گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بە دڕندانەترین شێوە (عەبدوڵلا ، ١٩٩٩،لا ١٠)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٢- شــەڕی هەشــت ســاڵەی عێراق-ئێران لەســاڵی ١٩٨٠ دەســتییپێکرد ئەمەش بوو بە هۆکاری ڕاگواســتن وئاوارەبونی زۆرێک لەدانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەربەرەو ڕانیە(مینە،١٩٩٩، لا٢٦٢) (حسین ، ٢٠٠٨،لا ٦١)
٣ - ڕاگواســتنی دانیشــتوانی ٢٦ گوند بۆ ڕانیە وهەولێر لە ساڵی ١٩٧٧ هەروەها لە ساڵی ١٩٧٨ دووبارە لە ناحیەی ناودەشت ١٣ گوندی تر بۆ ڕانیە ڕاگوێزران هەروەها لە ساڵی ١٩٨٥ لە سنوری پارێزگای سلێمانی ١٣٠ گوند وێرانکران ١٨ گوندیان لە قەزای ڕانیە بۆ شـــاری ڕانیە ئاوارەبون لە گەڕەکی ڕاپەڕینی ڕانیە نیشتەجێ کران . (محمەد، ٢٠٠٣،لا ١٣١-١٣٨ ).
٤- لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ ئەو قەزایانەی هاوسنوری ڕانیە بون وەک قەزاکانی پشدەر ، ڕانیە ، دوکان ، لە ناحیەکانی هێرۆ، سەنتەر ، ناودەشت لە قەزای پشدەر ١٤٢ گوند و ٤٥٩٤ خێزان کە ژمارەیان ٢٦٦١٥ کەس بوو بۆ ڕانیە ڕاگوێزران هەر لەو ماوەیەدا ١٢ گوند و ١١٢٠ خێزان و ٦٤٦٦ کەس لە ناحیەی مەرگە لە قەزای دوکان ڕوویان لە ڕانیە کرد هەروەها لە ســـاڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦ لە ناحیەی چناران و مەرگە ٢١ گوند و ٦٨٠ خێزان و٨٧٣٨ کەس بۆ ڕانیە ڕاگوێزران. (عەلی، ٢٠٠٨ ، لا١٨٦-١٩٤) وەنزمترین ڕێژەی گەشـــەی دانیشـــتوانی شارەکە لە ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠٠٩ بووە بە ڕێژەی ٢.٧ % کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی:
١- دانیشتوانی شارەکە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە شێوەیەکی زۆر ناسروشتی گەشەی کردوە.
٢- دروستبونی سەنتەرێکی شارنشینی بەناوی سەرکەپکان لە ساڵی ٢٠٠٥ لە قەزای ڕانیە (غەفور، ١٩٩١-٢٠٠٨، لا ١١.) ئەمەش وای کرد فشاری کۆچی گوند نشینەکان بۆ سەر شاری ڕانیە کەم ببێتەوە.
٣- بوژانەوەی لادێکان لە ســاڵی ( ٢٠٠٢ - ٢٠٠٩ ) بە هۆی پێدانی سـلفەی کشـتوکاڵی و خانوبەرە ( بەڕێوەبەرایەتی کشـــتوکاڵی ڕانیە، ٢٠٠٩) هەروەها لە ســـاڵانی ٢٠٠٩-٢٠٢٠ گەشـــەی دانیشـــتوانی شـــاری ڕانیە بەرزدەبێتەوەبۆ ٥.٣% کەواتا دەکرێت بڵێین زیادبوونی ژمارەی دانیشـــتوان و بەرزی ڕێژەی گەشـــەی دانیشوان لە شارەکەدا هۆکارێک بوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی بە لادێبون لە شاری ڕانیە.

## خشتەی ژمارە(٢)

## ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری ڕانیەوقەزای ڕانیە (١٩٥٧ـ ٢٠٢٠)٪

| ماوە | شاری ڕانیە٪ | قەزای ڕانیە٪ |
|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٥٧ | ٣,٦ | ٣,٣ |
| ١٩٧٧-١٩٦٥ | ٧,٨ | ١ |
| ١٩٨٧-١٩٧٧ | ١٢,١ | ٣,٧ |
| ٢٠٠٢-١٩٨٧ | ٥,٤ | ٥ |
| ٢٠٠٩-٢٠٠٢ | ٢,٧ | ٢,٤ |
| ٢٠٢٠-٢٠٠٩ | ٣,٥ | ٣,٧ |
| ٢٠٢٠-١٩٥٧ | ٥,٨٥ | ٣,١٨ |

سەرچاوە: بەپشت بەستن بەپاشکۆی ژمارە (٢).
ڕێژەی گەشەی دانیشتوان دەرهێنراوە بەپشت بەستن بەم هاوکێشە لای خوارەوە:

$$r = \left\{T\sqrt{\frac{p1}{p0}} - 1\right\} \times 100$$

Y: ڕێژەی گەشەی ساڵانە.
T: ژمارەی ساڵەکانی نێوان دوو سەرژمێری.
P1: ژمارەی دانیشتوان لەدواین سەرژمێریدا.
P0: ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری پێشوو. بڕوانە:

- John I Clarkk, Population Geography, 2nd Edition, Pergaman Press .Oxford, 1972, P146.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## ٢. فراوانبوونی شاری ڕانیە و بەدیلکردنی شارەستانی :

شـــارەکان خاســـیەتیکی هاوبەشـــیان هەیە ئەویش فراوانبون شـــارەکانە پاڵپشـــت بەو زەویانەی کە دەوری شـــارەکەیان داوە ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی داواکاریەکانی شـــار وەک نیشـــتەجێبون ،ڕێگاوبان، ســـەوزایی ، پیشەسازی ...هتد کە دانیشتوان پێویستیان پێیەتی. لەڕاستیدا فراوانبونی ڕووبەری شار هیچ سنوورێکی نیە ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر بەتایبەتی هۆکاری گەشەی دانیشتوان ،چونکە زیادبونی ژمارەی دانیشـتوانی شـار وادەکات دانیشـتوان بەردەوام پێوویسـتیان بە ڕووبەری زیاتربێت .فراوانبونی شـاری ڕانیە یەکێکی ترە لەهۆکارەکانی ســـەرهەڵدانی بەلادێبون لە ناوچەی لێکۆڵینەوە. بەســـەرنج دان لە نەخشـــەی ( ٣ ) بۆمـان دەردەکەوێت ڕانیە لە ســــاڵانی ١٩٨٧- ٢٠٢٠ فراوانبونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە ،بەجۆرێک لەســـاڵی ١٩٨٧ ڕووبەرەکەی ٩.١٩٣ هێکتاربوە پێکهاتوە لە( ٩ ) گەڕەک بەڵام شـــاری ڕانیە لەســـاڵی ٢٠٢٠ فراوان بوونێکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت و بەگشــــت ئاڕاســــتەکانی دا فروان دەبێت لەئەنجامی ئەو فراوانبوونەش ( ٥١ ) گەڕەک بۆســـەر نەخشـــەی بنەڕەتی ڕانیە زیاددەبێت، بەم جۆرە گەڕەکەکانی شـــارەکە لەساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە (٦٠) گەڕەک هەروەها چەند گوندێک لە بەشە جیاجیاکانی شارەکە کەوتونەتە ناو شاری ڕانیە کە هۆکاری سەرەکی دروستبونی دیاردەی بە لادێبون، بەم شێوەیە تێکڕای ڕووبەری شارەکە لە ساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە ٦. ١٩٢٣ هێکتار بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).

**نەخشەی ژمارە (٤)**

**گەڕەکەکانی شاری ڕانیە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧- ٢٠٢٠**




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap 10.5پشت بەست بە:

١.وەزارەتی شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی شـــارەوانیەکانی ڕاپەڕین،بەڕێوەبەرایەتی شـــارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ساڵی ١٩٨٧ ،بەپێوەری ١:٢٠٠٠.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٢- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی راپەڕین، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی نەخشەسازی، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،ساڵی ٢٠٢٠ ،بەپێوەری ١: ٤٠٠٠ .

بێگومان فراوانبونی شاری ڕانیە کاریگەری کردۆتە سەرگوندەکانی دەوروبەری بەجۆرێک توانیویەتی لە قۆناغەکانی فراوانبون چەند گوندێک بخاتە ناو سنوری خۆیەوە، لەڕاستیدا لە خۆگرتنی گوندەکان لەلایەن شاری ڕانیەوە هۆکارێکە بۆ دروستبونی بە لادێبون لە شاری ڕانیە ودروستبونی دیاردەی بە دیلکردنی شارەستانی وەک لە خۆگرتنی گوندەکانی ( کونە سێ، تیتۆکە، هەنجیرە کە ئێستا گەڕەکن لەبەشی باکوری شار، هەروەها گوندی سەیدە فەقیرە کە ئێستا دوو گەڕەکی ڕزگاری یەک و ڕزگاری دووی لێ دروستبوە لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵات شار ئەمەش هۆکاری دروستبونی بە لادێبوونی شاری ڕانیە بو، چونکە هەریەک لەو گوندانەی بوونەتە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی شاری ڕانیە هەڵگری تەواوی خاسیەتەکانی گوندن لە ڕووی پیشەو شێوازی خانووبەرە وبیناکانیان ودابونەریت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ...هتد چونکە دانیشتوانی گوندەکان ئێستاش ئاژەڵوپەلەوەر بەخێودەکەن و بەرەڵای ناوشاریان دەکەن ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبونی کێشەودروستبونی سیمایەکی ناشارەستانی بە شارەکە ،لەهەمانکاتدا ئامێرەکانی دەروێنە،کێڵان، گواستنەوە هتد... لەنزیک وبەردەم ماڵەکانیان دادەنێن بڕوانە وێنەی ژمارە ( ١ ) .

**وێنەی ژمارە (١)**

**بەرەڵاکردنی ئاژەڵەکان و لە وەڕاندنیان لە لێوار وناوشار**





**لێکۆڵینەوەی کێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٧ / ١ / ٢٠٢١**

## ٣. کۆچی گوند نشینەکان بۆشاری ڕانیە

کۆچی گوند نشینەکان بۆ شاری ڕانیە دیاردەیەکی تازەنیە و هەمیشە شارەکان پشت بە دانیشتوانی گوندەکان دەبەستن ، چونکە گوندەکان تەنها پێداوویستی وخۆراک بۆ شارەکان دابین ناکەن بەڵکو هێزی دووەمن لە دابین کردنی دانیشتوان بۆ شارەکان (سمحة ،و،شوانی لا ١٨٦-١٨٧) . وەک ئاشکرایە گوندەکان هەمیشە دانیشتوانی خۆیان دەدۆڕێنن وبەشێکی زۆریان کۆچ دەکەن بۆ شا(رونج،١٩٦٧,ص ١٤١) .بێگومان ئەم کۆچکردنەش ئەگەر پلان و بەرنامەی بۆ دانەنرێت چەندین کێشەی جۆراوجۆر لە هەردوو ژینگەی شارو لادێ دروست دەکەن( محمد ، ٢٠١١، لا٦٦) یەکێک لەو کێشانەی لە ئەنجامی کۆچی گوند نشینەکان ڕووبەڕووی شاری ڕانیە بۆتەوە بریتیە لە کێشەی بەلادێ بوون لە شاری ڕانیە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ســەبارەت بە کۆچکردن بۆشــاری ڕانیە دەبینین ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕووبەڕووی کۆچی ئارەزوومەندانە و کۆچی بە زۆرەملێ (ڕاگواستن) ی گوند نشینەکانی هەریەک لە گوندەکانی قەزاکانی (ڕانیە ، پشدەر، دوکان ) بۆتەوە ئەگەر ئاماژەیەک بەکۆچی زۆرەملێی (ڕاگواستنی) گوند نشینەکان بکەین بۆ شاری ڕانیە بۆمان دەردەکەێت لە ساڵی ١٩٧٨-١٩٩٠ بە هۆی شاڵاوی ڕاگواستنی گوند نشینەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسی ڕووخاو١٧ گوند و ٢١٨١ خێزان و ١١٩٦٣ کەس ( Resool, p 120-127, علی ، ١٨٦-١٨٨ ) لە گوندنشینەکان بەرەو ڕانیە ڕاگوێزران هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆچی گوند نشینەکان بەرەو شاری ڕانیە بەردەوام بوو بەجۆرێک ٩٠٦٤ کەس بەرێژەی ١٤.٧ کۆچیان بۆ شارەکە کردوە، وەک ئاشکرایە شارەکان بەردەوام ناوچەی ڕاکێشانی دانێشتوانن بەتایبەت دانیشتوانی گوندەکان بۆیە لە ساڵی ٢٠١٨ ( ١٣٧٣٢) کەس لەگوند شینەکان بەرێژەی ١٥% کۆچیان کرد بۆ شاری ڕانیە بڕوانە خشتەی ( ٣) (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،٢٠١٦ )، (یاریدەدەریەتی ئاسایشی ڕانیە ، ٢٠١٦) داتای بلاونەکراوە..

بێگومان هەموو ئەو گوند نشینانە کۆچیان بۆشاری ڕانیە کرد لە تەواوی گەڕەک و بەشە جیاجیاکانی ڕانیە دا نیشتەجێبون بەتایبەتی ناوچەکانی دەوروبەری شار، چونکە بواری زیاتریان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ پیادەکردنی کاری لادێی،ئەم کۆچکردنەش بوو بە هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی بەلادێبون لە شاری ڕانیە،وەک ئاشکرایە گوندنشینەکان لەڕووی وپیشەوهەڵسوکەتەوە هەوڵ دەدەن تەواوی خاسیەتەکانی گوند لە شاری ڕانیە پیادەبکەن ئەمەجگە لەوەی زۆرجارڕودانی بەریەک کەوتنی گوندنشینەکان لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە دەبێتە هۆی سەر هەڵدانی کێشەو گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ...هتد.

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

**خشتەی کۆچی گوندنشینەکان بۆشاری ڕانیە٢٠٠٢-٢٠١٨**

| ز | ساڵ | ژمارەی کۆچکردوانی گوندنشین |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٢ | ٩٠٦٤ |
| ٢ | ٢٠١٨ | ١٣٧٣٢ |

**سەرچاوە:** ١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئاماری گشتی شاری ڕانیە لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥ تا ٢٠٠٣/١/١٠ لا ٢٦ .
٢- قایمقامیەتی قەزای ڕانیە، ئەنجوومەنی گوندەکانی قەزای ڕانیە, ڕانیە،٢٠١٦.

٤. نەبوونی پلانی پێشوەختی حکومەت و لایەنە پەیوەندی دارەکانی شاری ڕانیە بەتایبەت شارەوانی ڕانیە کە پێویستە ڕێگری بکەن لە دروستبوونی کوچەوکۆلانی تەنگەبەرو پێچاوپێچ وداخراو بێ پلان و خانووی ناڕێک و شێواو دیزایین ناسەردەمی و کۆن کە جۆرێک لە شێواویان پێوە دیارە ، هەروەها ئیدارەی ناوچەکە کەمتەرخەمە ، چونکە گوند نشینەکان زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئاژەڵەکانیان بەرەڵای ناو شاربکەن وشوێنی بەخێوکردنیان لە تەنیشت ماڵەکانیان بۆ دروست بکەن وئامرازەکانی کشتوکاڵی لەسەر شەقام و شۆستەکان دابنێن ئەمەش دیمەنێکی لادێی بە شاری ڕانیە دەبەخشێ کە لە زۆرێک لە گەڕەکەکانی شاری ڕانیە بەدی دەکرێت.پاشکۆی (٢)

٥. لاوازی حکومەت وئیدارەی ڕاپەڕین لە سزادان و لێپرسینەوە لەو کەس و لایەنانەی سەرپێچی دەکەن و هۆکارن بۆ گەشەپێدانی دیاردەی بەلادێ بوون لەشاری ڕانیە.( پاشکۆی ژمارە (٢))

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایە هۆکارەکانی فراوانبونی شاری ڕانیە،کۆچی گوندنشینەکان، لاوازی یاساکانی حکومەت لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی بەلادێبوونن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## باسی سێیەم : تایبەتمەندیەکانی بە لادێبوونی شار لە شاری ڕانیە

ئەگەر ئاماژەیەک بەخاسیەتەکانی بەلادێبون لە شاری ڕانیە بکەین دوای سەردانی کێومالّی بە شە جیاجاکانی شـــارەکە وگرتنی وێنەی جۆراوجۆر دەرکەوت خاســـیەتەکانی بەلادێبون لە ڕانیە خۆی لەچەند خالّێکدا دەبێنێتەوە بریتین لە مانەی لای خوارەوە:

١. دانانی ئامڕازەکانی کشـــتوکالّی وەک تراکتۆر ، گاســـن ، عارەبانە هتد.... لەبەر دەرگای مالّەکانیان هەروەها هەلّدەســتن بە بەخێوکردنی ئاژەلّ و پەلەوەر لەگەلّ دروســتکردنی شـــوێنی بەخێوکردن بۆ ئاژەلّەکانیان لە نزیک مالّەکانیان بڕوانە وێنەکانی ژمارە ( ٢ ، ٣ )

**وێنەی ژمارە (٢)**

**دانانی ئامێرە کشتوکالّیەکان لەبەردەم مالّ**





**لێکۆلّینەوەی کێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٥ / ١ / ٢٠٢١**

٢. فڕێدان و کۆکردنەوەی پاشەڕۆی ئاژەلّەکانیان لەتەنیشت مالّەکانیان بڕوانە وێنەی ژمارە(٣)

**وێنەی ژمارە (٣)**

**کۆکردنەوە وفڕێدانی پاشەڕۆی ئاژەلّەکان لەبەردەم مالّ**



**لێکۆلّینەوەی کێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٥ / ١ / ٢٠٢١**

٣. دانیشـــتوانی زۆربەی بەشـــە جیاجیاکانی شـــاری ڕانیە لەبەر ئەوەی زۆربەیان لە گوندەکانەوە هاتوون بۆیە بە دەنگی بەرز قســـەدەکەن وبـانگی یەکتری دەکەن زۆربەی کـات دەنگە دەنـگ و قەرەبـالّغی وکۆبوونەوەیان لەبەردەرگای مـالّەکانیـان دروســـتدەکەن ، بەتـایبەت ئـافرەت ومندالّەکانیان لەبەردەم مالّەکانیان دادەنیشـــن وکۆدەبنەوە هەندێک جار مندلّەکانیان بە پێخاوســـی دێنە دەرەوەو بە دوای ئاژەلّەکانیان دا ڕادەکەن بڕوانە وێنەی ژمارە (٤).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**وێنەی ژمارە (٤)**

**کۆبونەوە دانیشتنی گوندنشینەکان لەبەردەم ماڵ**



**لێکۆڵینەوەی کێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٥ / ١ / ٢٠٢١**

لە ڕاستیدا هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی کە لەم خالّەدا باسمانکرد بەنسبەت ژینگەی لادێکان ئاساییە ، چونکە زۆربەیان کەس وکاری یەکترن و پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بەهێزە بەڵام پیادەکردنی لە شاردا کارێکە لەگەڵ ژینگەی شارو ڕێساو یاساکانی شارو شارەستانیەت ناگونجێت.

٤. شێواندنی مۆرفۆلۆجی شاری ڕانیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆگرتنی گوندەکانی ( کونەسێ و تیتۆکە، هەنجیرە) لەباکوری ڕانیە کەبەهۆی فراوانبونی ڕانیەوە ( دیاردەی بەدیلکردنی شارەستانی) کەوتونەتە ناوشاری ڕانیە ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێزانانەی لەگوندەکانی دەوروبەری شاری ڕانیە هاتوون و لەڕانیە نیشتەجێ بون ، خانوو بیناکانیان نارێکی پێوەدارە بەشێوەیەک پەرتەوازەو هەڵوەشاون تەنانەت هەندێکیان شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان وکەلوپەلە کشتوکاڵیەکانیان لە تەنیشت خانوەکانیان دروست دەکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی ئابوری دانیشتوانی گوندەکان و نەبوونی شارەزایی و لێهاتویی لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و دیزاین و شێوازی گونجاوهەروەها نایانەوێت وابە ئاسانی و یەکسەر دەست بەرداری ئاژەلەکانیان بن لەهەمان کاتدا لاوازی یاساکانی شارەوانی کە خێزانە گوندنشینەکان و دانیشتونی ڕانیە ناچار ناکات خانوەکانیان بەشێوازێکی ڕێک وگونجاو دروست بکەن . بڕوانە وێنەکانی ژمارە(٥ ، ٦)

**وێنەی ژمارە ( ٥ )**

**بەکارهێنانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەلایەن گوندنشینەکان بەخێوکردنی ئاژەڵ لەلایەن گوندنشینەکان**





**لێکۆڵینەوەی کێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٦ / ١ / ٢٠٢١**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**وێنەی ژمارە ( ٦ )**

**خانوی ناڕێک وشێواو زیادەڕۆیی لەشێوەی گرتنی شەقامەکان**







**لێكۆڵینەوەی كێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێكەوتی ٦ / ١ / ٢٠٢١**

٥. گوند نشینەکان بەخێرایی و وا بەئاسانی دەست بەرداری داب ونەریت وئەوکارەی لەلادێ دەیکەن نابن بۆیە تەندووری نان برژاندن لەبەردەم ماڵەکانیان دادەنێن ولەدەوری کۆدەبنەوە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی دوکوڵ و دیمەنێکی ناشیرن و نەوشیاو کە لە گەڵ ژیانی شارو تایبەتمەندەیکانی شارەستانیەت ناگونجێت بڕوانە وێنەی ژمارە( ٧ )

**وێنەی ژمارە ( ٧ )**

**دانان و بەکارهێنانی تەندوری نان برژاندن لە بەردەم ماڵەکانیان لەڕانیە**



**لێكۆڵینەوەی كێومالّی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێكەوتی ٦ / ١ / ٢٠٢١**

٦. لەڕوی ئابوریەوە خەڵکی ئەم گەڕەکانەی شـــاری ڕانیە کە گوندنشـــینەکان کۆچیان بۆکردون خەڵکانێکی هەژارنشینن و لەڕووی ئابوریەوە داهاتیان سنوردارو لاوازە ، چونکە بۆ دەست کەوتنی داهاتیان زیاتر پشت بە ژینگەی گوند دەبەستن لەگەڵ کاری کرێکاری لەشارەکاندا بڕوانە پاشکۆی (٢).

لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی بڵێن پیادەکردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی لادێ لە شـــاری ڕانیە بەتایبەتی بەخێوکردنی ئاژەڵ وپە لەوەر ودانانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان لەبەردەم ماڵەکان و شێواوی ڕووخساری بیناو خانوەکانیان لە دیارترین خاسیەتەکانی بەلادێ بوونن لەناوچەی لێکۆڵینەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## بەشی سێیەم

## كاریگەرییەكانی بەلادێبوون لەسەر ژینگەی شارەستانی ناوچەی لێكۆڵینەوە و ڕێگاكانی چارەسەركردنی

بەلادێبوون لەشاری ڕانیە كاریگەری نەرئەرێنی و لەهەمانكاتدا ئەرێنیشی بەدوای خۆیدا هێناوە.

### باسی یەكەم: كاریگەریە نەئەرێنیەكانی بەلادێبون لە شاری ڕانیە:

دوای ئەنجام دانی ســـەردانی كێومالّی بۆ گەڕەك و بەشـــە جیاجیاكانی شـــاری ڕانیە چەند كاریگەریەكی نەرێنیمان بۆدەركەوت لەم چەند خالّەی خوارەوەدا دەیان خەینە ڕوو:

١.شــێواندنی ڕووخســاری شــار (مۆرفۆلۆجی شــار)، چونكە لە هەریەک لە گەڕەكەكانی (هەنجیرە، تیتۆكە، مەشخەلان، ئازادی ٢ ، ڕزگاری ١، بنار، چیا ، بەهار ، گلّنجان، قەلاتی ١ و قەلاّتی ٢، سەرا هەوار، ڕزگاری ٢، دایک ، ئەندازیاران، پیشـەسـازی ١، میدیا، بوێران، ڕابوون، داسـتان ڕەشـەمێرگ لەگەلّ چەند ناوچەیەكی بەتالایی لەشــارەكەدا) گوندنشــینەكان خانوەكانیان بەجۆرێک دروســتكردوە شــێواوی وناڕێكی پێوە دیارە لەهەمانكاتدا لەبەردەم مالّەكانیان لەسـەر شـەقامەكان جۆرەكەل و پەلێک یان ئاژەلّ دەبینرێت وبەخێودەكرێت ســیمایەكی لادێیان بەو گەڕەک وبەشــانە بەخشــیوە وەک لەبابەتی خاســیەتەكانی بەلادێبون لەشــاری ڕانیە سەرجەم وێنەكانمان خستەڕوو.

٢. سەرهەلّدانی كێشەی كۆمەلاّیەتی،چونكە كۆبونەوەی دانیشتوانی دووژینگەی جیاوازی وەک شار و گوند لەوگەڕەكانەی لە خالّی یەک ناومان هێنان، بێگومان هەندێک جار گیروگرفتی كۆمەلایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە وەک شەڕ ، دزی ، بەر یەک كەوتن ....هتد ( پاشكۆی ژمارە(٢) )

٣. وەک لەهۆكارەكانی بەلادێبون دا ئاماژەمان پێدا بەشـــێكی بەرچاوی زۆربونی ژمارەی دانیشـــتوانی شــاری ڕانیە بەپشــت بەســتن بە كۆچی دانیشــتوانی گوندەكانشــینەكانی قەزاكانی دەوروبەری ڕانیەوە بوە، چونكە ژمارەیەكی بەرچاو لە گوندنشیەنەكان كۆچیان بۆ ڕانیە كردوە. بەتایبەت لە دوای ٢٠٠٣ شارەكانی هەرێمی كوردســتان بەخێرای گەشــەیان كرد ناوچەی لێكۆلّینەوە یەكێک بو لەو شــارانەی لەڕووی ژمارەی دانیشـتوانەوە گەشـەكردنی بەخۆیەوە بینیوە ئەمەش بو بەهۆی دروسـتبونی كێشـەی جۆراوجۆر لە شـاری ڕانیە وەک (بەلادێ بوون ، هاتوچۆ، تەندروستی ......هتد.

٤. دروســتبونی كێشــەی جۆراوجۆرلەگوندەكانی قەزای ڕانیە ، چونكە كاتێک گوند نشــینەكان دێنە شــار لەگوندەكانیش كێشـــە دروســـت دەبێت وەک چۆلّ بونی زەوی كشـــتوكالّی،دانەچاندنیان بە بەروبومە جۆراوجۆرەكان،چۆلّ بونی گوندەكان. لەئێستادا (١٦) گوند لەسنووری قەزای ڕانیە چۆلّ بوون (مهدی ،٢٠٠٨، ل ٢٣٠ ) . لەڕاسـتیدا چۆلّ بونی گوندەكان كاریگەری كردۆتە سـەر كەمبونەوەی گەشـەی ئابووری ناوچەی لێكۆلّینەوە.

٥. دروستبوونی كوچەوكۆلاّنی پێچاوپێچ و تەنگەبەر و داخراو و هەڕەمەكی و لاواز لەڕووی پلان دانانەوە بەتایبەت ئەو گەڕەكانەی پێشـتر گوندبون ئێسـتا بونەتە بەشـێک لەشـار یان بوونەتە گەڕەكێكی لەبەریەک هەلّوەشاو ئەمەش وای كردوە لەگەیاندن ودابینكردنی خزمەتگوزاریەكانی تەندروستی ، پەروەردە ، ئەمن و ئاســـایش و ڕێگاوبان گرفت بۆ ئیدارەی ناوچەكەو ســـەرجەم داموو دەزگاكانی دەولّەت دروســـت بكات . ســـــادەترین نمونە لە كاتی ڕوودانی ئاگر كەوتنەوە یان بارودۆخێكی خراپی تەندروســـتی یان ڕوودانی تاوانێک هێزەكانی فریاگوزاری بەئاســـانی ناتوانن بگەنە گەڕەكاكانی ( ســـەرا، گلّنجان، قەلاّت، هەنجیرە، تیتۆكە، كونەسێ )كە شەقام وكۆلاّنەكانیان تەنگەبەروداخراو یان بەشێوازێكی بێپلان ودروستكراون.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٦. دروســتبونی نارِێکی و ناهاوســەنگی لە دابینکردن و دابەشــبونی خزمەتگوزاریەکانی ئاو ، پەروەردە ، تەندروستی ، ڕێگاوبان و شـەقام ، ناوچەی سـەوزایی ، چونکە هەندێک گەڕەک لە ئاستێکی باش دان بەڵام هەندێک گەڕەکی تری شاری ڕانیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکاندا پشتگوێ خراوە.

٧. دروســتبونی نارِێکی لە دابەشــبونی جۆرەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شــاردا ، چونکە یەکێک یان دوو لە بەکارهێنانەکانی زەوی لە شـاردا زۆرترین ڕووبەر داگیر دەکات بەکارهێنانەکانی تر کەمتر گرنگیان پێدراوە ئەمەش گرفتی تربەدوای خۆی دا دەهێنێت.( بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی پالان دانان،٢٠٢٠)

٨- خراپی ڕەوشــی پەروەردە،تەندروســتی،ڕۆشــنبیری لەوگەڕەکانەی شــاری ڕانیە کە ڕوبە ڕوی کۆچی گوندنشینەکان بونەتەوە یان پێشتر گوندبون وئێستا بونەتە گەڕەکێک لە شارەکەدا،پاشکۆی (٢)

٩- دەرکەوتنی هەڵسوکەوتی ناشارەستانی ئەویش وەک گرتنی شـەقامورێگاکان بەهۆی فرۆشیارە دەست گێڕوگەڕۆکەکان وهاوارکردنیان بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان. بڕوانە وێنەی ژمارە( ٨)

**وێنەی ژمارە( ٨)**

**گرتنی شەقامەکان لەلایەن فرۆشیارە دەست گێڕوگەڕۆکەکان**



**لێکۆڵینەوەی کێومالًی بۆ ناوشاری ڕانیە لە ڕێکەوتی ٨ / ١ / ٢٠٢١**

لێرەوە دەکرێت بڵێن بەلادێبون یەکێکە لەو کێشــە گرنگانەی لە ئێســتادا ڕوبەڕوی شــاری ڕانیە بۆتەوە لەهەمان کاتیشــدا هۆکارە بۆســەرهەڵدانی چەندین کێشــەی تری جۆراوجۆری( تەندروســتی ، پەروەردە، ،شێواندنی جوانسازی شار، گرفتی پیسبوونی بینین) هەروەها کاریگەریەکی خراپی کردۆتە سەر ژینگەی شــارەستانی شــاری ڕانیە. بێگومان کێشــەی بەلادێبون وئەو کێشــانەی بەهۆی بەلادێبونەوە دروســتبوون پێوویستە لە چوارچێوەی پلان داناندا چارەسەربکرێت.

## دووەم: کاریگەرییە ئەرێنیەکانی بەلادێبون لە شاری ڕانیە :

زۆربەی کات جوگرافیەکان لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای دیاردەی بەلادێبون دەکەین تەنها کاریگەری خراپی هەیەبەڵام دوای ئەنجام دانی ســەردانی کێومالًی بۆ گەڕەک و بەشــە جیاجیاکانی شــاری ڕانیە چەند کاریگەریەکی باشمان بۆدەرکەوت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەیان خەینە ڕوو:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

١. ئەوناوچانەی لە ڕانیە ڕووبەڕووی بەلادێبون بونەتەوە بونەتە شـوێنێک هەژاران و کەم دەرامەتەکان تێیدا نیشتەجێبون، چونکە ناوچەی لێواری شارزیاتر گوندنشینەکان تێیدا نێشتەجێدەبن ئەمەش بەهۆی کەمی نرخی زەوی و کەمی کرێی یەکەکانی نیشـــتەجێ بوون و گونجاوی لێواری شـــار چونکە ناوچەیەکی کراوەیە و بەئاسانی دەتوانرێت چالاکیەکانی گوندی تێدا ئەنجام بدرێت.

٢. یەکێک لە ســـودەکانی تری ئەوەیە ئەو ناوچانەی لێواری شـــاری ڕانیە هەرچەندە ڕووبەڕووی گرفتی بەلادێبون بوونەتەوە بەڵام دەرفەتیشـــی ڕەخســـاندوە گوند نشـــینەکان بەخێرایی دەســـت بەرداری کاری کشـــتوکاڵی و ئامێرو پەلەوەرەکانیان نەبن و بتوانن تاچەند ســـاڵێک بەردەوام بن ئەمەش یارمەتیان دەدات لەڕووی بژێوی وئابوریەوە سودببینن تا ئەوکاتەی لە شار پیشەیەک دەستەبەردەکەن.

٣. چەند گوندێک بەهۆی فراوانبونی شـاری ڕانیەوە کەوتونەتە ناو سـنووری شـارەکەوە ئەم گوندانەی ئێسـتا بونەتە بەشـێک لە ڕانیە لەهەمان کاتدا بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیان لە قەدپاڵی چیای کێوەڕش ســـودێکی ئەوتۆی کشـــتوکاڵیان نیە تەنها بەکاری ئاژەڵ داریەوە خەریکن ئەویش زیاتر بۆ خۆبژێویە ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە ئەم گوندانەی دوروبەری شـــار بە هۆی هێرشـــی فراوانبونی شـــارەوە بونەتە گرفت لەبەردەم جوانســازی بۆ شــارەکە لەبەرئەوە ســودی ئەوەی کە ئەو گوندانە خراونەتە ســەر نەخشــەی ڕانیە ئەوەیە کە هەوڵدراوە ســیمایەکی شــارەســتانی و مۆرفۆلۆجیەکی جوان لە ئێســتا و لە داهاتودا بەوناوچەیە ببەخشــرێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی شارەوانی و ئیدارەی ناوچەکە هەستاون بە دروستکردنی ڕێگاوبان وشەقام ،گەیاندنی ئاو، کارەبا خزمەتگوزاریەکانی پەروەردە ، بنکەی تەندروستی ،تاپۆکردنی خانوەکانیان، بەشێوەیەک حکومەت ویستویەتی بەرگێکی شارەستانی بە بەر ئەو ناوچانەدا بکەن کە پێشتر گوندبون و ئێستا بەشێکن لە شار.

٤. بەرزبوونەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری و شــارەســتانی وگەشــەکردنی ســیماکانی شــارەســتانی و گۆڕانی مۆرفۆلۆجی بیناوخانووەکان بۆ ســیماکانی شــارەســتانی لەو ناوچانەی شــاری ڕانیە کە پێشــتر گوند بوون ئێستابوونەتە گەڕەک لە ڕانیە.

٥. گۆڕانی پیشــەی بەشــێک لە دانیشــتوانی ئەو گوندانەی بەهۆی فراوانبونی ڕانیەوە کەوتونەتە ناو شــار بۆ پیشــەی ناکشــتوکاڵی وەک بازرگانی، پیشــەســازیە ســوکەکان ، کارکردن لە دامەزراوە حکومیەکان. هەروەها گوندنشـــینەکان خانوی شـــێواوناڕێک دروســـت دەکەن کە زۆر جارلە دارو قوڕوبەرد دروســـتیان دەکەن هەروەها ســەقفی خانوەکانیان بە نایلۆنی شــین دادەپۆشــین کە بەنایلۆنی شــینی تحالوف ناســراوە هەروەها ڕەنگی زەق لە خانوەکانیان بەکاردەهێنن لەگەڵ هەڵواســـینی جل وبەرگ و دۆشـــەک ، ڕایەخ ، پێخەف بە دیوای خانوەکانیان لەگەڵ ڕووپۆش کردنی دەرگاو پەنجەرە و ڕووپۆشــی ماڵەکانیان بەکەرەســتە و وێنەی ناشیرن . لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی بڵێین بەلادێبون لەگەڵ ئەوەی کێشەیە لەشاری ڕانیە بەڵام تاڕادەیەک سودیشی بۆ خەڵکانی هەژارنشین و گوندنشینەکان هەبوە.

## باسی سێیەم: ڕێگاکانی چارەسەرکردنی بەلادێبون لە شاری ڕانیە

بەپشـــت بەســـتن بەباســـەکانی پێشـــوکەتایبەتمەندیەکان وهۆکارەکانی بەلادێبونمان لە ڕانیە تیایدا خســـتەڕوو دەکرێت لەچەندخاڵێک دا ڕێگا چارە بۆکەمکردنەوەی ئەم کێشەیە بخەینە ڕووبریتین لەمانەی خوارە وە:

١. پابەندکردنی هاوڵاتیانی شــاری ڕانیە بەیاســاو ڕێســاکانی دروســتکردنی بیناو یەکەکانی نێشــتەجێبون بە شـێوەیەک ئەوگوند نشـینانەی هاتونەتە ڕانیە پێوویسـتە پابەندی یاسـاکانی شـارو شـارەسـتانی بکرێن ئەمەش دەبێت لەلایەن شارەوانیەوە جێبەجێ بکرێت .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

٢. ڕێگەنەدان بە بەخێوکردنی ئاژەڵ ورەشـــە وولاخ و پەلەوەر لە ناو شـــاری ڕانیە وە ڕێگریکردن لە بەرەڵاکردنیان لەســەر ڕێگاوبان وشــەقامەکان هەروەها ڕێگەنەدان بە دانانی ئامێرە کشــتوکاڵیەکان لەســەر شەقام وشۆستەکان.

٣. سزادانی ئەو کەسانەی سەر پێچی دەکەن و دەبنە هۆکاری دروستبونی بەلادێبون لە شاری ڕانیە ئەویش لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت و دواتر بە دووبارەکردنەوەی کارەکە پێوویســـتە بە پێی یاســـا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٤. ڕێکخستنی کۆچی گوندنشینەکانی سنووری قەزای ڕانیە بۆ شاری ڕانیە ،چونکە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە گوند نشینەکان بە شێوەیەکی ناسروشتی و خێرا کۆچیان بۆ ڕانیە کردوە کە لە باسەکانی پێشو ئاماژەمان پێدا، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێکخستنی کۆچی گوند نشینەکان بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە کارێکی هەروا ئاسـان نیە ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە لایەنە پەیوەندی دارەکانی ناوچەکە نەتوانن ئەمە بکەن.

بێگومان بە پشت بەستن بەم چەند خاڵە دەتوانرێت کۆچی گوند نشینەکان بۆ شارەکە کەم بکرێتەوە:

- هەوڵ دان بۆ دابین کردنی زەوی کشتوکاڵی .
- پێدانی سلفەی کشتوکاڵی .
- دابین کردنی ئامێری کێڵان و تۆوکردن ودروێنەکردن لەگەڵ پێدانی تۆو دەرمانی پێوویست.
- دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی پێوویست بۆ مەڕو ماڵات ورەزو باغ و میوەجاتەکانیان.

٥. بەستنەوەی ئەو گوندانەی دابڕاون لەشاری ڕانیە ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێگاوبان لە نێوان شارو گوندە دابڕاوەکان،چونکە ڕێگاوبانەکان یارمەتی ئاســـانی ئەنجام دانی پەیوەندیەکانی گوندنشـــینەکان دەدەن لەگەڵ شـــاری ڕانیە و گەیاندنی کاڵاکانیان بەنرخێکی گونجاو وکاتێکی کەمتر وبەشـــێوەیەکی ســـەلامەت بۆ بازاڕەکان ، لەڕاستیدا ژمارەیەک لە گوندەکان پەیوەندیان لە گەڵ شاری ڕانیە لاوازە ئەمەش بەهۆی خراپی و قیرتاونەکردنی ڕێگاکانی گواستنەوە ( مهدی ، ٢٠٠٨، لا١٣٠-١٣٣.)

٦. ڕەخسـاندنی دەرفەت بۆ جوتیاران تا کاڵاکانیان لەلایەن حکومەت لی بکڕدرێت و جوتیاران دڵنیابن لەوەی کارو ڕەنج وماندوبونیان بە فیڕۆ ناچێت ودڵنیابن لەوەی مانەوەیان لە گوند زامنی ئابوری و ژیان وگوزرانیان دەکات و نایەنەوێت بێنە شار و دەیانەوێت لە گوند بمێنێتەوە.

٧. دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروســـتی ، پەروەردە ،کارەبا ، ڕێگاوبان تاجوتیاران ناچارنەبن لە ژێر فشاری نەبونی خزمەتگوزاریەکان کۆچ بکەن بۆ شاری ڕانیە .

٨. پێدانی ڕێنمایی کشـــتوکاڵی بەجوتیاران لەلایەن بنکە کشـــتوکاڵیەکانی ناوچەکە وەک ئاگادارکرنەوەیان لەکاتی کێڵانی زەویەکانیان،تۆکردنیان، دروێنەکردنیان، بەکارهێنانی دەرمان وئاودێری بێگومان ئەمەش لە ڕێگەی کردنەوەی خول و ئەوڕێگایانەی تر کە بنکە کشتوکاڵیەکان خۆیان بەشیاوی دەزانن.

٩. دانانی پلانی پێش وەخت بەتایبەت بۆ ئەو گوندانەی نزیکن لەشـــارو لەداهاتودا دەکەونە بەر هێرشـــی فراوانبونی شـار ئەمەش بە ئامانجی پاراسـتنی گوندەکان لە لەناوچون یان بۆ ڕێکخسـتنیان پێش ئەوەی ببنە مایەی کێشە بۆشاری ڕانیە ئەویش بە دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی ( پەروەردە ، تەندروستی، ڕێگاوبان ، ئاو ، کارەبا، ڕێکخستنی شێوازی خانوو بیناکان وکوچەوکۆڵان و شەقامەکان ...هتد

١٠. دانانی ماستەر پالانی شار.

بێگومان جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی ســەرەوە لەلایەن حکومەت و ئیدارەی ناوچەکە کاریگەریەکی باشــی دەبێت لەسەرباشکردنی ژینگەی شارەستانی شاری ڕانیە و جوانسازی شارەکە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## دەرئەنجامەکان

دوای خستنە ڕووی سەرجەم باسەکان، توێژینەوەکە گەیشتە ئەودەرئەنجامانە :

١. چەندین بنەمای لەیەکتر جیاواز جیاواز هەن بۆ جیاکردنەوەی شـــار لە گوند وەک قەبارەی دانیشـــتوان و کارگێڕی ، مۆرفۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی.

٢. گەشـەی دانیشـتوان و فراوانبونی شـاری ڕانیە لەلایەک وکۆچی گوند نشـینەکان بۆشـارەکە و بێ پلانی حکومەت لەگرنگترین هۆکارەکانی بەلادێبوونن لە شاری ڕانیە.

٣. بەرەڵاکردن وبەخێوکردنی ئاژەڵ وپەلەوەر ودانانی ئامێرە کشـــتوکاڵیەکانی(گاســـن ،عارەبانە....هتد لەبەردەم ماڵەکانیان وشێوازی خانوکانیان لەخاسیتە دیارەکانی بەلادیبونن لە شارەکەدا.

٤. دیاردەی بەلادێبون بەسەر زۆربەی گەڕەک و بەشە جیاجیاکانی شاری ڕانیەدا دابەشبوون.

٥. بەلادێبون یەکێکە لەو کێشانەی لەئێستادا هاوشێوەی کێشەکانی ترڕووبەڕووی شاری ڕانیە بۆتەوە.

٦. بەلادێبون چەندین دەرئەنجامی خراپی لەشاری ڕانیە بە دوای خۆی داهێناوە لەگرنگترین ئەو دەرئەنجامە خراپانەش گرفتی گەیاندن ودابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی پەروەردە، بنکەی تەندروســـتی وســـەوزای ، بنکەی پۆلیس،بنکەی ئاگرکوژێنەوە ،ڕێگاوبان وشـــەقامی گونجاو بێگومان ئەمانەش بەهۆی دروســـت بونی خانو و بینای نیشـتەجێبون کە بەشـێوەی زیادەڕۆ لەلایەن دانیشـتوانەوە لەسـەرموڵکی دەوڵەت دروسـت کراون هەروەها بێ سەوبەری و بێ پلانی حکومەتیش گیروگرفتەکەی زیاتر کردوە.

## پێشنیارەکان

**١.** سزادانی ئەو گوند نشینانەی پابەندی یاساکانی شاروشارەستانیەت نابن وئاژەڵ وپەلەوەرەکانیان بەرەڵای ناوشـاردەکەن و لەتەنیشـت ماڵەکانیان بەخێویان دەکەن هەروەها ئامێرەکانیان لەسـەر شـۆسـتەو شـەقامەکاندا دەنێین، چونکە ئەمانە ڕووخسارێکی ناشیرن بە شارەکە دەبەخشن.

**٢.** هێنانەدی هاوســـنەگی پەرەپێدان لە نێوان شــــاری ڕانیە و گوندەکانی دەوروبەری ئەمەش بە ئامانجی ڕێکخســتنی کۆچی گوندنشــینەکان بۆشــارەکە مەبەســت ئەوەیە گوندەکان پێداوییســتیەکانی تەندروســتی ، پەروەردە، ڕێگاوبان ....هتد بۆ دابین بکرێت تاکو ناچار نەبن کۆچ بکەن بۆڕانیە .

٣. دانانی ماســتەرپلان بۆ شــاری ڕانیە ، چونکە تائێســتا شــاری ڕانیە ماســتەر پلانی نیە ، بێگومان دانانی ماستەرپلان زۆربەی کێشەکانی شاری ڕانیە چارەسەر دەکات بەدڵنیاییەوە بەلادێبونیش یەکێکە لەو کێشانەی بەدانانی ماستەر پلانی شارەکە چارەسەر دەبێت .

٤.گوندەکانی دەوروبەری ڕانیە دەوڵەمەندن بەبەرهەمەکانی ئاژەڵی ڕەشـــەووڵاخ ومەڕوبزن و گەنم و جۆ و سەوزەو میوەجات لەبەر ئەوە دروستکردنی چەند کارگەیەک لە شارەکە پێویست.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Geographical Analysis of Ruralization Phenomenon in Rania City and Impact on Their Urban Enviroment

**Bestun Ahmed Hussein**

Geography Department, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** bestoon.78@uor.edu.krd

**Abstract:**

Ruralization of Urban areas is one of the most important topics of Urban Geography as it is one of the issues of urban areas and a major contributor to other urban issues; therefore, researchers need to look at this issue with caution. Ranya city has experienced this issue to a great extent mostly due to population growth and urban expansion. Ruralization has caused major issues such as infrastructure issues in terms of education, health, transportation and increased crime rates in different parts of the city.

This research addresses this issue and aims to investigate the causes and characteristics of ruralization in Ranya city. This effort will help the local government to look for solution to address this issue. This research has used descriptive and analytical methods.The research concludes that ruralization has caused some drastic consequences when it comes to providing and delivering different public and infrastructure services. The paper recommends to authorities that preparing a master plan for the city would be the ideal resolution for this issue and other issues in the city.

**Keywords:** Developing City, Ruralization City, City, Village.

# سەرچاوەكان


ئەحمەد ، پشتیوان شەفیق، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دابەشبونی دانیشتون لە قەزای ڕانیە لە (١٩٥٧- ٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، كۆلێژی زانستەكۆمەلایەتیەكان، زانكۆی كۆیە، كۆیە، ٢٠٠٩.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی ڕاپەڕین، یاریدەدەریەتی ئاسایشی ڕنیە ، هۆبەی ئامار ٢٠١٦.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئاماری گشتی شاری ڕانیە ٢٠٠٢/١٢/٢٥_ ٢٠٠٣/١/١٠.

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی،ئاماری شاری ڕانیە لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥-٢٠٠٢/١/١٠ ئەنجام دراوە .

حسن،ساكارمحمد،فاطمة قادرمصطفى,ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستاندا گۆڤاری ئەكادیمیای كوردستان ژمارە ٧ خولی یەكەم بەشی B چاپخانەی سەردەم سلێمانی ٢٠١٦.

سلێمان عەبدوڵڵا ، ڕاگواستنی گوندنشینەكانی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە ١٢ساڵی دووەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٩٩.

سەلیم ، هیوا صادق ، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای كۆیە ١٩٥٧-٢٠٠٢ بەغداد، ٢٠٠٦

سمحة,موسا عبودة ،السهاونة ,فوزی عبد,جوگرافیای دانیشتوان و: هیوا ئەمین شوانی،چاپخانەی موكریان ، هەولێر، ساڵ،٢٠٠٩.

غەفور،عەبدوڵڵا،پێكهاتەیئیداریلەهەرێمیكوردستاندا(١٩٩١-٢٠٠٨)چاپخانەی دهۆك،هەولێر، ٢٠٠٨.

غەفور,عەبدوڵا،فەرهەنگی جوگرافی كوردستان،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

غەفور ، عەبدوڵا ، جوگرافیای كوردستان ، چاپی پێنجەم چاپخانەی خانی دهۆك ٢٠٠٨.

محەمەد، ئاڤان محمود و ئەوانی تر ، گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی ،چاپخانەی شڤان ،٢٠٠٤.

محمەد ،خلیل اسماعیل ، بەشارەستانی بوون ، بنەماكانی جیاكردنەوەی گوند لەشار ، ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە ٣٩١٩، ٢٠١١.

محەمەد، جاسم محەمەد، علی، ڕۆڵی هۆكارە سیاسیەكان لە دابەشبونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك ، ٢٠٠٨.

محەمەد، مراد حەكیم ، ئاكامە كۆمەلایەتیەكانی سیاسەتی ڕاگواستنی كورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا ، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٤

مەحەمەد ، خلیل ئیسماعیل ، شاروكەنارەكانی شار ، لێكۆڵینەوەیەك لە چەمك و زاراوەكان گۆڤاری مەدەنیەت ژمارە ٤ ساڵی یەكەم چاپخانەی داناز سلێمانی ١٩٩٩.

مهدی، سیروان محمد ، نامەی ماستەر ،شیكردنەوەی شوێنیی نشینگە دێهاتیەكانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەكانی پەرەپێدانیان. كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی ڕاپەڕین ڕانیە، ٢٠١٧.

مینە ،ئەمین قادر ، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسیان ، تەرحیل ، ترعیب ، تەبعیس ، چاپی دووەم، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی ، ١٩٩٩

وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە.ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە و قەزای ڕانیە،ساڵی ٢٠١٦.

وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەڕێوەبەرایەتیئاماری سلێمانی،ئەنجامەسەرەتایەكانی پرۆسەی ژمارەلێدان وگەمارۆسازی،سەرژمێری دانیشتوانی نشینگەكان ٢٠٠٩.

وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار, شارەوانی ڕانیە،نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە، ٢٠١٦.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن،بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی ڕانیە، بەشی تەکنیکی

وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، ، هۆبەی پلان دانان.

وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی ، قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە ، بەشی کارگێری ٢٠١٨.

وەزارەتی ناوخۆ، قائیمقامیەتی قەزای ڕانیە ، ئەنجومەنی گوندەکانی قەزای ڕانیە ، ٢٠١٦.

ابراهيم ، عيسى على،جغرافية المدن , دراسة منهجية تطبيقية ,دار المعرفة الجامعية ,بيروت, ٢٠٠٨.

أحمد،مضهر عباس, اثر ممارسات المجتمع على البيئة الحضرية فى المدن العراقية (مدينة بغداد حي المتنبى حالة دراسية (, مجلة الهندسة و التنمية المستدامة ,مجلدى العدد, ٣أيار ٢٠١٨.

الاشعب،خالص حسنى,محمد،صباح محمود ,مورفولوجية المدينة, مطبعة جامعة بغداد ,بغداد, ١٩٨٣.

أل مدرس،ساكار بهاءالدين عبداللة,التدهور الحضرى فى المدن (أسس و تطبيقات وسبل المعالجة ) دراسة تطبيقية على مدينة أربيل , مطبعة جامعة صلاح الدين ,٢٠١٨ .

بعيرات ،ريم, أسباب و أثار مضاهر ضاهرة ترييف المدن و تمدن الريف(رأم الله,البيرة, بيتونيا ,بيتين) كحالة دراسية , رسالة ماجستير ,جامعة بيروت_ فلسطين, ٢٠١٨.

بومدين، دحام محمد، اندماج المهاجرين الريفيين فى الوسط الحضرى دراسه ميدانيه بمدينه الجلفه، رساله ماجستير فى علم الاجتماع العائله والسكان جامعه الجزائر ، الجزائر ،٢٠٠٩.

الجنابى ،صلاح حميد,جغرافية الحضر أسس وتطبيقات ,دار الكتب للطباعة و النشر,الموصل, ١٩٨٧.

الجنابى، صلاح حميد , ضاهرة الترييف الحضرى _ المبررات و النتائج _ دراسة فى الايكولوجية الحضرية, مجلة كلية الاداب, جامعة بغداد, , عدد ٥٩ , بغداد ,٢٠٠٢.

الجواهر ، محمد سالم سعيد, النمو الحضرى فى ساحل خضرموت بين الشعر و الحلة اطروحة دكتوراة كلية الاداب جامعة بغداد ١٩٩٨.

الدعبوسى ،احمد سامى ,الانفجار السكانى ,ط١,مكتبة المجتمع العربى ,للنشرو التوزيع,عمان ,٢٠٠٨.

الشواورة ، على سالم ، جغرافية المدن، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة ، عمان، ٢٠٠٢.

المضفر ، محسن عبد الصاحب, يوسف ،عمر الهاشمى,جغرافية المدن, مباىء و أسس و منهج و نضريات و تحليلات مكانية ,دار صفاء للنشر و التوزيع ,عمان, ٢٠١٠.

الهيتى،صبرى فارس،حسن،صالح فليح ،جغرافيةم المدن،دار الكتب للطباعةو النشر،الموصل ، ١٩٨٥.

الهيتى ، صبرى فارس,خليل اسماعيل محمد ,جغرافية الاستيطان الريفى , وزارة التعليم العالى والبحث العلمى جامعة بغداد, مطبعة التعليم العالى ,جامعة الموصل , الموصل, ١٩٨٩

حسين ،بيان على ، التحليل الجغرافى لإتجاهات النمو الحضرى في محافظة السليمانية، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠٠٨.

حسين ،عبدالرزاق عباس ، نشأة مدن العراق وتطورها، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٧٧.

حمدان، جمال ، جغرافية المدن، ط٢، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٧٧

خطاب ، عادل عبداللة ,جغرافية المدن , مطبعة التعليم العالى ,الموصل, ١٩٩٠.

رونج، نيس .ه., علم السكان , ترجمة السيد محمد غلاب , دار مصر للطباعة ,القاهرة ,١٩٦٧.

سعيد،كامران طاهر،الترييف الحضرى مدينة السليمانية إنموذج،گۆڤارى زانكۆى كۆيه ،ژماره (٣٣)٢٠١٤.

عطوى ،عبداللة ,جغرافية المدن, الجزء الاول, دار النهضة العربية ,بيروت ,لبنان, ٢٠٠١.

عطال ، مسـعود , النمو الحضـرى و علاقته لمشـكلة البيئية الحضـرية( دراسـة ميدانية بحى طريق حملة بمدينة باتنة , رسـالة الماجستير جامعة الحاج لخضر الجرائر , ٢٠٠٩.
على ، حسين اسماعيل, النمو الحضرى فى مدينة السليمانية دراسة فى علم الاجتماع الحضرى رسالة الماجستير كلية العلوم الانسانية جامعة السليمانية السليمانية ٢٠٠٦
فروج،ميلود،المدينهالجزائريه بين الترييف والتمدن،مجله العلوم الانسانيه والاجتماعيه،عدد،٢٤، ٢٠١٥

محمد،خليل اسماعيل،السكان والمسألةالسكانية في كردستان العراق،جامعة صلاح الدين،اربيل،٢٠١٢.
محمد،خليل اسماعيل، اربيل دراسات ديمغرافية الاقتصادية ,وزارة الثقافة المديرية العامة الثقافة و الفنون, اربيل، ٢٠٠٣.
مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لإقليم كردستان العراق، لسنة ٢٠٠٢ .
وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد، ١٩٧٣، جدول رقم (١).
وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج تعداد العام السكان محافظة السليمانية، لسنة ١٩٧٧، المطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد، محافضة السليمانية، سنة ١٩٧٨ .
وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج تعداد العام السكان محافظة السليمانية، لسنة (١٩٨٧)، بغداد، ١٩٨٨.
وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل ١٩٥٧، لوائى السليمانية وكركوك، مطبعة العانى، بغداد، جدول رقم (٨) ، وجدول رقم (٤).
وزارة تخطيط، هية التخطيط، الاقليمى، معايير تحديد المناطق الحضرية ق والريفية فى العراق دراسة رقم ٢٠٢، ١٩٨٥.
Shorsh, M. Resool, Destruction of Anationopcit , printe in (USA) 1990.
John I Clarkk, Population Geography, 2nd Edition, Pergaman Press .Oxford, 1972, P146
paul jones the risee of the rural villag in the city and village cities in the pacific region 2011.
MagdalenaWilkosz-Mamcarczyk 1,*, Barbara Olczak 2 and Barbara Prus Urban Features in Rural LandscapeA Case Study of the Municipality of S kawina 2020.

## پاشكۆكان:

### پاشكۆی ژمارە( ١ )

### ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیەوقەزای ڕانیە شارنشینی قەزا لە سالآنی١٩٥٧ –٢٠٢٠

| سالّ | ژ. دانیشتوانی شاری ڕانیە | ژ. دانیشتوانی قەزای ڕانیە | ژ. دانیشتوانی شارنشینی قەزا |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢٦٦١ | ٣٦٠٩٧ | ٣٩١٥ |
| ١٩٦٥ | ٣٥٤٨ | ٤٦٩٣٧ | ٦١٤٤ |
| ١٩٧٧ | ٨٧٨٦ | ٥٣٣٦٢ | ١٨٥٠٥ |
| ١٩٨٧ | ٢٧٧٠٠ | ٧٧٠٥٦ | ٤٩٩٨٦ |
| ٢٠٠٢ | ٦١٣٢٧ | ١٦٢٤٣٤ | ١٢٦٧٣٨ |
| ٢٠٠٩ | ٧٤٠٩٣ | ١٩٢٥٥٨ | ١٧٠٠٦٢ |
| ٢٠٢٠ | ٩١٥٤٧ | ٢٤٠٠٠٨ | ٢١٣٤٥٩ |

سەرچاوە:

(١) وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الإحصائية لتسجيل ١٩٥٧، لوائى السليمانية وكركوك، مطبعة العانى، بغداد، جدول رقم (٨) ص٢٦–٢٨ ، وجدول رقم (٤) ص٩ .

(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد، ١٩٧٣، جدول رقم (١) ص٨ .

(٣) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج تعداد العام السكان محافظة السليمانية، لسنة ١٩٧٧، المطبعة الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد، محافضة السليمانية، سنة ١٩٧٨ .ص ٥١٤–٥٣٩

(٤) وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للأحصاء، نتائج تعداد العام السكان محافظة السليمانية، لسنة (١٩٨٧)، بغداد، ١٩٨٨ , ص٢,ص ٣١, ص٨٢–٨٣

(٥) بروانە: أ: مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية الإرتكازية لإقليم كردستان العراق، لسنة ٢٠٠٢، ص٩ , ١٤٠– ١٥٤ .ب: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، ئاماری گشتی شاری ڕانیە ٢٠٠٢/١٢/٢٥–٢٠٠٢/١/١٠ ئەنجام دراوە لا١٢.

(٦) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی (الحصر والترقيم)، سەرژمێری دانیشتوانی نشینگەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ص١٢٢–١٣٦.

(٧) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە.ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە و قەزای ڕانیە،ساڵی ٢٠١٨.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پاشکۆی ژمارە (٢)

## فۆڕمی ڕاپرسی

هاوولاتی بەڕێزئەم فۆڕمەی لەبەردەستتە تەنها بۆ مە بەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیە وبۆهیچ مە بەستێکی تر بەکارناهێنرێت سوپاستان دەکەین ئەگەر بەوەلامێکی گونجاوڕاست ودروست وەلامی پرسیارەکانمان بدەنەوە:

١- ئایا لە لەگوندەوە هاتون یان لە ڕانیە بون ئەگەر لە گوندەوە هاتون لە چ گوندێکەوە هاتون ناوی گوندەکەت بنوسە ........................................................

٢- گوندەکەتان سەر بەچ قەزایەکە..........................................................

٣- هۆکاری کۆچکردنتان بۆشاری ڕانیە چیە؟ ئەگەر یەکێکە لەمانەی خوارەوەیە ئەم نیشانە دابنێ ↗

١- خراپی خزمەتگوزاریەکانی وەک پەروەردە ، تەندروستی ، ڕێگاوبان .

٢- کێشەی کۆمەلایەتیتان هە بووە. ٣- بەرهەمەکانتان لە بازاڕدا پارەناکات.

٤- حکومەت پلانی نیە بۆ بوژاندنەوەی گوندەکەتان و ئیهمالی کردون.

٥- چاولێکەریە. ٦- هۆکاری ئەوەیە کە خزمەکانت گوندەکەیان جێهێشتوە.

٧- دۆزینەوەی کارێکی باشە لە شاری ڕانیە یان دەرفەتی کاری زیاترت هەیە بۆ کارکردن

٨- خراپی باری ئابوری و گوزەرانی ژیان

٩- هۆکاری تر.......................................................................................................................

٣- بەکۆچ کردنتان بۆ ڕانیە چ زیانێکتان بەرکەوتوە.

زەویەکانتان چۆڵ بوون وناتوانن بیکەن بەرهەم،

٤- دوای هاتننتان بۆ ڕانیە هیچ کێشەیەکتان لەگەڵ دانیشتوانی شاری ڕانیە هەیە .

بەڵێ نەخێر : ئەگەر وەڵآمەکەت بەڵێ یە کێشەکان چین

١- کۆمەلایەتی ٢- هەڵسوکەوت ٣- جیاوازی پیشە ٤- شەڕ.

هیتر...........................

٥- ئایا کەل وپەڵ و ئامێرو پێداوویستیە کشتوکاڵیەکانتان لەگەڵ خۆتان هێناوە بۆ شاری ڕانیە

بەڵێ نەخێر

٦- ئایا ئێستا ئاژەڵ وپەلەوەر لە ناو شار بەخێو دەکەن. بەڵێ نەخێر

٧- لە ناو شار بەچ کارێکەوە خەریکن جۆری کارەکەت بنوسە

٨- لە ڕووی بوونی خزمەتگوزاریەکانی خوێندنگە، بنکەی تەندروستی ، تۆڕی ئاو و زێراب ، ڕێگاوبان چۆنن یەکێک لەمانەی خوارەوە دیاری بکە.

زۆرباش باش مامناوەند خراپ

سوپاس بۆ هاوکاریت

توێژەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper5 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021